*Journal of Language Studies.* Vol.8, No.2, 2024, Pages (75-112)
DOI: https://doi.org/ 10.25130/Lang.8.2.5

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: http://www.iasj.net/iasj/journal/356/about

# Mohammed Mustafa Kurdi's literary and cultural status in Kurdish literature

**Dr. Ahang Shafique Hame Bichkol Mohammed***
**Sulaymaniyah University / Collage of Basic Education / Department of Kurdish language**
ahang.mohamed@univsul.edu.iq

**Received:** 14 /11 /2023, **Accepted: 6** /12 /2023, **Online Published: 29 / 2 / 2024**

## Abstract

Our research is to present the literary and cultural status of Mohammed Mustafa Kurdi as an educated, intellectual, educational and religious teacher. The author often used essays in Arabic literature because he had a religious and Arabic culture, and was influenced by Persian literature, so he translated essays from Persian He drew on folk literature, poetry by poets and even stories. In addition to essays, he has translated several poems from Arabic and Persian or has translated his ideas and subjects into poems and essays from a Kurdish perspective. The author has published them in the magazines (Roji Nwy, Hiwa, Blesa, Zhen, Sulaimany). In addition to several riddles, he has published poetry in most magazines and newspapers. They have become the focus of attention of scholars, which

* **Corresponding Author** : Dr. Ahang Shafique**, Email:** ahang.mohamed@univsul.edu.iq
**Affiliation**: Sulaymaniyah University - Iraq
© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

are a sign of the level of intelligence and linguistic ability, terminology and dictionary (Mohammed Mustafa Kurdi).

**Keywords:** Folklore Literature, Articles, Riddles, Proverbs, Riddles Poems.

# مكانة محمد مصطفى الكردي الأدبية والثقافية في الأدب الكردي

ئاهەنگ شفيق حمه بچكۆل محمد

**جامعة السليمانية، كلية التربية الاساسية، قسم اللغة الكردية**

**المستخلص :**

يهدف بحثنا إلى عرض المكانة الأدبية والثقافية لمحمد مصطفى الكردي كمعلم مثقف وفكري وتربوي وديني. كثيرا ما استخدم المؤلف المقالات في الأدب العربي لأنه كان يتمتع بثقافة دينية وعربية، وتأثر بالأدب الفارسي، فترجم مقالات من الفارسية واعتمد على الأدب الشعبي وأشعار الشعراء وحتى القصص. بالإضافة إلى المقالات، قام بترجمة العديد من القصائد من العربية والفارسية أو قام بترجمة أفكاره وموضوعاته إلى قصائد ومقالات من منظور كردي. وقد نشرها المؤلف في مجلات (روجي نو، هيوا، بليسا، زين، السليمانية). بالإضافة إلى العديد من الألغاز، نشر الشعر في معظم المجلات والصحف. لقد أصبحت محط اهتمام العلماء، وهي علامة على مستوى الذكاء والقدرة اللغوية والمصطلحات والمعجم (محمد مصطفى الكردي).

**الكلمات الدالة:** الأدب الشعبي، مقالات، ألغاز، أمثال، قصائد ألغاز

## پایەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری ( محەممەد مستەفا کوردی ) لە ناو ئە دە بیاتی کوردیدا


**پوختە :**

توێژینەوەکەمان بریتییە لە خستنەڕووی پایەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری ( محەممەد مستەفا کوردی ) وەکو خوێنەوار و ڕۆشنبیر و مامۆستایەکی پەروەردەیی و ئایینی، لە تەمەنی ئەدەبیی خۆیدا چەند مەڵۆیەکی خستوتە سەر خەرمان و شارای ئەدەبی کوردی. نووسەر زۆرجار سوودی لە وتارەکانی ناو ئەدەبی عەرەبی وەرگرتووە بەو پێیەی خۆی ڕۆشنبیرییەکی ئایینی و عەرەبی هەبووە، هەروەها ئەدەبی فارسی زۆر کاریتێکردووە هەربۆیە وتاری لە فارسییەوە وەرگێڕاوە، زۆرجاریش بیر و بابەتی وتاری فارسی و عەرەبی بە چێژێکی کوردانەوە بە زمانی کوردی دەربڕیوە، هەندێکجاریش نەک هەر وتار بەڵکو سوودی لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆر و شیعری شاعیران و تەنانەت لە چیرۆکیش وەرگرتووە. دەبینین بێجگە لە وتار چەند پارچە شیعرێکی لە عەرەبی و فارسییەوە وەرگێڕاوە، یان بە دید و هزرێکی کوردییانەوە بیرۆکە و بابەتەکانی جارێکیتر کردووە بە شیعر و وتار. نووسەر لە ژمارەی گۆڤارەکانی ( ڕۆژی نوێ ، هیوا ، بڵێسە ، ژین ، سلێمانی ) دا بڵاویکردوونەتەوە. سەرەڕای چەند مەتەڵێکیش لە ژمارەی زۆربەی گۆ ڤار و ڕۆژنامەکاندا بە شیعر بڵاوکردۆتەوە. کەبوونەتە جێگەی بایەخ و سەرنجی خوێندەواران کە نیشانەن بۆ ئاستی ژیری و توانای زمانەوانی و زاراوەسازی و فەرهەنگسازی ( محەممەد مستەفا کوردی ).


**کلیلی وشەکان :** ئەدەبی فۆلکلۆر ، وتار ، مەتەڵ، پەندی پێشینان، مەتەڵە شیعرییەکان

**پێشەکی :**

ناونیشانی توێژینەوەکە : ناونیشانی توێژینەوەکەمان بریتییە لە ( پایەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری محەممەد مستەفا کوردی لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا ).

میتۆدی توێژینەوەکە : بۆ ئەم توێژینەوەیە سوودمان لەمیتۆدی ( وەسفی – شیکاری ) وەرگرتووە.

سنووری توێژینەوەکە : بۆ توێژینەوەکەمان سوودمان لە کۆی بەرهەمەکانی نووسەر وەرگرتووە، بەناونیشانی (من و بولبول– چەند مەڵۆیەک لە خەرمانی محەممەد مستەفا کوردی، ئامادەکردنی: جەلال کوردی، چاپخانەی دێکان – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥ ) .

گیروگرفتی توێژینەوەکە: تاکە گیروگرفت لەم توێژینەوەیەدا نەبوونی سەرچاوە بوو کە باس لە بەرهەمەکانی نووسەر بکات، چونکە لەڕووی پراکتیکی و لێکدانەوەوە سەرنج و ڕەخنە ئاراستەی بەرهەمەکانی نەکراوە .

گرنگی توێژینەوەکە : گرنگی و پایەی ئەم توێژینەوە لەوەدایە بۆ یەکەم جارە نووسەر بەرهەمەکانی لە دووتوێی توێژینەوەیەکی زانستیدا ئاوڕی لێدەدرێتەوە، تا ئێستا هیچ توێژینەوەیەک و ڕەخنە و باسێک لەسەر بەرهەمەکانی نووسەر لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا نییە.

بەشەکانی توێژینەوەکە : توێژینەوەکەمان بریتییە لە دوو بەش :

لە بەشی یەکەمدا و لە تەوەری یەکەمدا : ژیانامەی نووسەر و گرنگی کار و بەرهەمەکانی خراوەتەڕوو.

لە تەوەری دووەمدا : چەمک و پێناسەی وتار خراوەتەڕوو.

لە تەوەری سێیەمدا : گرنگی و جۆرەکانی وتار، تایبەتێتی و ڕەگەز و بابەت و ناوەڕۆکی وتار باسکراوە.

لە تەوەری چوارەمدا : وتارەکانی نووسەرمان لە سنووری چوار جۆردا دابەشکردووە و لێکداوەتەوە .

لە بەشی دووەمدا : لە تەوەری یەکەمدا : ئاوڕمان لە مەتەڵەکانی نووسەر داوەتەوە جگە لە خستنەڕووی پێناسە و گرنگی مەتەڵ و شوێنی لەناو ئەدەبی فۆلکلۆردا، دواتر لێکدانەوە و شیکردنەوەمان بۆ شیعرە مەتەڵ ئامێزەکانی نووسەر کردووە .

لە تەوەری دوومدا : باسی شیعرەکانی نووسەرمان کردووە و کار و چالاکییەکانی نووسەر لە زۆر بواری شیعریدا خراوەتەڕوو .

لە کۆتاییشدا گەیشتووین بە چەند ئەنجامێک دەربارەی سەرجەم بەرهەمەکانی.

**پێڕست :**

بەشی یەکەم : ژیاننامەی نووسەر، پێناسە و گرنگی وتار لە ڕووی ( تایبەتێتی و ڕەگەز و بابەت و ناوەڕۆکەوە ) :

تەوەری یەکەم : ژیاننامەی نووسەر و گرنگی و خستنەڕووی کار و بەرهەمەکانی.

تەوەری دووەم : پێناسە و ناساندنی وتار.

تەوەری سێیەم : گرنگی وتار ( تایبەتێتی و ڕەگەز و بابەت و ناوەڕۆک ) .

تەوەری چوارەم : لێکدانەوە و شیکردنەوەی وتارەکان.

بەشی دووەم : مەتەڵ و شیعرە مەتەڵ ئامێزەکان :

تەوەری یەکەم : پێناسە و گرنگی مەتەڵ و ئاوڕێک لە ئەدەبی فۆلکلۆر لەم ڕووەوە.

تەوەری دووەم : بەرهەمە شیعرییەکانی نووسەر و دەقە وەرگێڕاوەکان.

## بەشی یەکەم / پێناسە و گرنگی وتار لە ڕووی تایبەتێتی و ڕەگەز و بابەت و ناوەڕۆکەوە :

### تەوەری یەکەم : ژیاننامەی نووسەر و گرنگی و خستنەڕووی کار و بەرهەمەکانی :

محەممەد مستەفا کوردی تاقانە کوڕی حاجی مستەفای کوردییە، لە هۆزی جاف تیرەی یۆسۆجانی (یوسف جانی ) کە لقێکە لە شاتری. ساڵی ١٩٠٩ی زاینی لە گەڕەکی سابوونکەرانی سلێمانی لە دایک بووە، خوێندنی لە سەر دەستووری ئەو سەردەمە لەسەر دەستی باوکیدا دەستپێکردووە، بەو پێیە باوکی یەکەم مامۆستا و فێرکەری بووە. دواتر باوکی بۆ خوێندن ناردوویەتی بۆ لای عیسامەدینی عەولاڵان سەرەتا وردە کتێبەکان لای ئەو زاتە تەواو دەکات. دوای ئەوە باوکی دەیداتە دەست مورشیدی ئایینی بەناوبانگ (حاجی شێخ ئەمینی خاڵ) باپیری ( شێخ محەممەدی خاڵ ) ئینجا ئیجازەی علومی ئایینی لای ئەو زاتە وەردەگرێت. محمد مستەفا کوردی لە ژیانیدا گەلێک وەزیفەی میری پێ سپێردراوە سەرەتا لە ساڵی ١٩٢٧ دوای مردنی باوکی کراوە بە مامۆستا و پێشنوێژ لە مزگەوتی ( سەید حەسەن ) لە گەڕەکی سابوونکەرانی سلێمانی تا ساڵی ١٩٣٨ لە پاڵ ئەو کارەشی دا بووە بە مامۆستا لە قوتابخانەی زانستی ئەو قوتابخانەیەی بە هەوڵ و کۆششێکی زۆری پیرەمێردی شاعیر چاوی هەڵهێنا. مامۆستا کوردی لە نێوان ساڵەکانی ١٩٣٨ – ١٩٤١ مامۆستا بووە لەم شوێنانە : سەرەتا لە بەکرەجۆ پاشان لە سلێمانی و هەڵەبجە. هەر لە ساڵی ١٩٤١ دا کراوە بە ( کاتبی واریدات ) بە دوایدا مودەقیق ) لە شارەوانی سلێمانی پاشان ( محاسب) ی ئاو و کارەبا. دوای ئەوەش کە فەرمانگەی ئاو کارەبا تێکەڵ بە شارەوانی بووە بۆتە ( سەرۆکی تێبینەران ) ئیدی لەو کارەی دا ماوەتەوە تا ساڵی ١٩٤٧ کە خانەنشین بووە. مامۆستا م. م کوردی پیاوێکی ئەدیب و ئەدەب دۆست بوو ( ٢٥ ) ساڵی ڕەبەق هاوکار بوو لە تەک مامۆستا ( شێخ محەممەدی خاڵ) دا لە دانانی فەرهەنگەکەیدا بێ ئەوەی گوێ بداتە ماندوویەتی یان ناو و ناوبانگ زۆرن ئەوانەی لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو ڕاستییەن لەوانە کە لە ئێستادا لە ژیاندا نەماون ( هادی مەحموود بەگ، فازیل محەممەد عیرفان، کاکەی فەلاح ) (

کاکەی فەلاح ) لەو قەسەیدەیەیدا کە بۆ چلەی مامۆستای ناوبراوی وتووە، ئاماژە بەو ڕاستییە دەکات. محمد مستەفا کوردی کەمتر ئاوڕی لە شیعر داوەتەوە و زیاتر بە لای نووسین و پەخشاندا چووە ناو بە ناو شیعری لە زمانی عەرەبی و فارسییەوە وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی، هەروەها لە بواری شیکردنەوە و لێکدانەوەی شیعری کلاسیکیدا تەقەلای بەرچاوی هەیە، لەوانە شیکردنەوەی شیعرە بەناوبانگەکەی ( سالم ) (جەنگی بابان و ڕۆم ) ، لە ساڵی ١٩٦٩ دا لە ژمارەکانی ( ١٠، ١١، ١٢ ) ی گۆڤاری ڕزگاریدا بڵاویکردۆتەوە، هەروەها لە شێوەی پەخشاندا زۆر نووسین و سەرگوزشتە و پەند و بەرهەمی فۆلکلۆری بە کوردیەکی ڕەوان و پەتی دوور لە گرێ و گۆڵ لە گۆڤارەکانی : هیوا، ڕۆژنامەی ژین، ڕۆژی نوێ، بڵێسە، سلێمانی دا بڵاوکراوەتەوە، زۆربەیان لە ژێر ناونیشانی ( نموونەی کوردیی پەتی) دا بوون.

پاشان لێکدانەوەی چامەیەکی ئایینی ( بێخود ) لە یەکێ لە ژمارەکانی گۆڤاری سلێمانی دا بڵاوکردۆتەوە هەروەها دیوانە چاپکراوەکەی حاجی میرزا عەبدوڵا ( خادیم ) ی هاوڕێی هێناوە و ڕاستی کردووەتەوە هەروەها ڕاڤەو شیکردنەوە و لێکدانەوەی بۆ هەندێک لە شیعرەکان نووسیوە کە ئێستا لە کتێبخانەی ئەوقافی شاری سلێمانی پارێزراوە. لە پێناوی بەرژەوەندی ڕووناکبیریدا سەرجەمی کتێب و نامیلکەکانی وەک دیارییەک پێشکەش بە کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی کردووە بە ناوی خۆیەوە باڵێکی بۆ کراوەتەوە. هەروەها لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکاندا کتێبی پڕ لە فەلسەفەی ئایینی هاوچەرخ ( روح الدين الاسلام ) ی ( عفيف عبدالفتاح طبارة ) ی گۆڕیبووە سەر زمانی کوردی بەڵام دەستنووسەکەی لای هاوڕێکانی فەوتابوو، جگە لەوەش چەندین بەرهەمی وەرگێراوی هەبوو، وەک :

١ –کتێبی مەلای مەشهوورە بەرگی یەکەم و دووەم کە لە فارسییەوە کردوونی بە کوردی نووسەر ناوی خۆی لەسەر نەنووسیبوون لە لایەن محمد ئەمین عەسریەوە چەندین جار لە کەرکووک لە چاپخانەی تورەقی لە چاپ دراوە.

٢ –میعراج نامە و وەفاتنامە ئەمانیش لە فارسییەوە وەرگێراون بە هەمان شێوەی دوو بەرهەمەکەی پێشوو چاپکراون و بڵاوکراونەتەوە بەڵام نووسەر ناوی خۆی لەسەر نەنووسیون.

٣ –شەرحێکی دوور و درێژ لە سەر قەسیدە بوردەکەی کەعبی کوڕی زوهەیر لە ستایشی پێغەمەردا، لە چاپ نەدراوە.

٤ –نامیلکەیەکی شیعریی لەسەر شێوەی ( ئەحمەدی ) لە چاپ نەدراوە.

٥ –ئامۆژگاری، کە بریتییە لە پێنج سەد پەند و ڕێنمایی ، لە چاپ نەدراوە.

٦ –وەرگێڕانی کتێبی ( روح الدين الاسلام ).

نووسەر یەکێک بووە لەوانەی بەشداری دانانی ڕێزمانی کوردی پۆلەکانی پێنجەم و شەشەمی سەرەتایی و هاوکاری لە کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلەکانی یەکەم و دووەمی ناوەندی کردووە، لەگەڵ ( شێخ محەمەدی خاڵ و د. کامل بەسیر و نوری عەلی ئەمین ) دا. دواتر ئەندامی لیژنەیەکی زمانەوانی بوو کە پێکهاتبوو لە (شێخ محەمەدی خاڵ ، د. کامیل بەسیر ، محەمەد مستەفا کوردی ، ناهیدەی شێخ سەلام ) ئەرکی ئەو لیژنەیە دانانی وشەی کوردی بوو بەرامبەر وشەی عەرەبی.

بێجگە لەو چیرۆک و وتارانەی کە لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا لە ساڵانی سییەکانەوە تا ئەو ساڵەی کە کۆچی دوایی دەکات، بڵاویکردوونەتەوە.

هەروەها ئەندامی ئەنجومەنی کارگێڕی پارێزگا و ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد و ئەندامی یاریدەدەری کۆڕی زانیاری کورد بووە، لە هەمانکاتدا بەڕێوەبەر و لێپرسراوی گۆڤاری (سلێمانی ) بووە .. کە شارەوانی سلێمانی بە هاوکاری مامۆستایان ( جەمال بابان و شەهیدی نەمر موحەرەم محەممەد ئەمین ) نزیکەی هەژدە ژمارەیان لێدەرکردووە.

نووسەر لەژێر وێنەیەکی فۆتۆگرافی خۆی دا لە بەرواری ( ٢٠ – ٣ – ١٩٥٥ ) دا دەڵێت :

شێوەی شێواوم کەوا وەستاوە
ئەیبینی ئەڵێی بەردی بن ئاوە
کز و داماوی نەخۆشی نییە
بۆ کزی گەلە کەوا تیا ماوە

هەروەها نووسەر ( ئەحمەد حسێن ئەحمەد ) پیاچوونەوەی کردووە بۆ کۆی بەرهەمەکانی مامۆستا کوردی، سەبارەت بە کەسێتی نووسەر دەڵێت : (( مەلا محەممەدی کوردی نووسەرێکی هێمن و قسە خۆش و زمان پاراو کەسێتییەکی هەرە دڵسۆز و وشەرواو مەلەوانێکی قاڵبووی بواری فۆلکلۆر و کەلەپوور.. دەریای خەباتی دەربڕی لەم دیوەوە تا ئەو دیوی سنوور.. کۆترێکی ئاشتی پەروەردەی هێلانە بەرز.. شەماڵێکی مانگی دڵفێنککەرەوە.. ئەستێرەیەکی تیشک هاوێژی ورشەداری ئەم ژیانە.. نیشتمانپەروەرێکی خاوەن گەنجینەی هەڵوێستی مەردانە.. خوداناسێکی دەروون خاوێن ،...، لە بیرەوەری ماڵئاوایی تەرمەکەیدا شیعرێک تەقییەوە :

ڕووبەڕوو چوونێک

پەلە مەکەن مەیشارنەوە ئەم لاشەیە دامەپۆشن

مێرگی بژوێن زەرد هەڵگەڕا ئەرخەوانەکان خامۆشن

قەڵەم بە دەم گریانەوە سروود بۆ فرمێسک دەنووسێ

گەرمە شینە خۆر ئاوا بوو ، مانگ دیار نییە و کەس ناپرسێ

ئەوە کۆچی دوا هەناسەی کەڵەمێردی ئەم کوردەیە

ماڵئاوایی کوڕی کۆنە، سەر بڵند و گەش مردەیە )). ( من و بولبول، ٢٤٩ – ٢٥٠ )

( کاکەی فەلاح ) لە چلە و کۆڕی ماتەمینی نووسەردا ،لەژێر ناونیشانی ( چلەی ماتەم و کۆچی بەهرەیەک ) دا دەقێکی شیعری بە سۆزێکی ڕاستەقینەو گەرم و گوڕەوە بۆ وتووە. هەروەک دەڵێت : (( لەبەر ئەوەی کۆچ کردوو مامۆستا محەممەد مستەفا کوردی زۆر چێژی لە شیعری عەرووزی و بابەتی قافیەی یەکگرتوو وەرئەگرت، منیش بە هەوای ئەو حەز و ئارەزووەی ئەوەوە بۆ چلەی ماتەمەکەی ئەم قەسیدەیەم لەسەر ئەو تانوپۆیە چنی:

ئەی مامۆستا و ئەی هاوڕێی وشەی گیانی بە گیانی گەرچی بە شێوە و دیمەن ونی بەر چاوەکانی شەپۆلی دەنگی نزمت نادا لە پەردەی گوێمان بێ جووڵە بێ هەناسە لە شاری خامۆشانی دوێنێ ( حافظ ) ئەیفەرموو ئێمەش باوەڕمان وا بوو زیندوو کە مرد بەردێکە یادگار و نیشانی دیارە پێوانەی ڕاستی مرۆڤی ڕاستەقینە خۆشەویستی و خەباتە بۆ گەل و نیشتمانی خۆشەویستی وکنەی تۆش بۆ ئەم گەلی کوردەمان بەرز و پیرۆز و دیارە وەک چیای کوردستانی بە کوردی پەتی نووسین بەو هەموو هێز و پێزە لە بەڵگە بەولاوەیە نەخشێنەری پەخشانی چیرۆک و سەرگوزشتە، پەند و باوی خۆماڵی بەرهەمی بەهرەی تۆ بوون بۆ گەنجینە و سامانی ئەو بەهرەیەی کە سروشت بەو قەڵەمەی تۆی دابوو سیحری ڕووتە و ئەباری بۆ سەر دڵدارەکانی گوڵاو پرژێنی باخی عومری درێژی تۆ بوو پرشنگی ژین و هیوا و ڕۆژی نوێ و سلێمانی خۆ لە فەرهەنگی خاڵدا سەربازێکی ونبوو بووی لەو پەرێزەدا خۆت خۆت کردە قۆچی قوربانی لە شیکردنەوەی شیعری بەرزی دێرینی کورددا سەرچاوەی متمانە بووی بۆ تینووی باخ و کانی جێدەست و پەنجە دیارە بە تابلۆی کتێبەوە بۆ جگەرگۆشەکان و بۆ ئەدەب و زمانی )).

( دیوانی کاکەی فەلاح، ٢٠٠٤، ٤٠٤–

٤٠٧)

## تەوەری دووەم / پێناسە و ناساندنی وتار :

فراوانی بابەتەکانی وتار و شێوازی دەربڕینی بە جۆرێکە، لە لای هەر نووسەرێک بە شێوەیەکی تایبەتی پێناسەی بۆ کراوە ئەمەش دەبێت بەهۆی ئەوەی پێناسەیەکی یەکگرتووی نەبێت، بەو پێیەی ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگا و تاک و دید و بۆچوونیان بۆ ئەدەب و هونەر لە هۆکارە دیارەکانی ئەم دیاردەیەن، لێرەدا چەند پێناسەیەک بۆ ناساندنی وتار دەخەینەڕوو :-

(( وتار : بابەتێکە بە مەودایەکی دیاریکراو باسێکی تایبەتی دەردەبڕێت، یان بەشێک لە بابەتێک، یان پارچەیەکی نارێکە لە ڕێکخستنداو مەودایەکی دیاریکراوی هەیە )). ( أصبع و عبيدالله، ٢٠٠٨، ١٣ )

(( وتار : چەشنێکە لە چەشنە ئەدەبییەکان، لە بابەت و بیرێکی تایبەتی دەدوێت و گفتوگۆی دەکات، بۆ مەبەستی بڕوا پێهێنانی خوێنەر و جۆش و خرۆشێکی سۆزداریان تیادا دەبزوێنێت، کە بە زمانێکی گونجاو و ڕوون و پوخت و پاراو و سەرنجڕاکێش نووسرابێت )). ( سەرچاوی پێشوو، ٢٠٠٨، ١٣ )

(( وتار : پارچەیەک دارشتنە کە مەودایەکی دیاریکراوی هەیە، بە شێوەی پەخشان دەنووسرێت و گرنگی بە شێوە و چۆنیەتی ڕێکخستن و دەربڕین دەدات، دەربارەی بابەتێک بە شێوەیەکی ئاسان و خێراو گرنگی بەو لایەنە دەدات کە نووسەرەکەی لە نزیکەوە پێی کاریگەر بووە. لە سەردەمی هاوچەرخدا وتار بیروبۆچوونێکی تایبەتە لەسەر بابەتێکی گشتی، زانستی ئابووری یان کۆمەڵایەتی، کە نووسەرەکەی شی دەکاتەوە بە بەڵگەوە لایەنگیریی دەکات )) . ( أصبع و عبيدالله ، ٢٠٠٨، ١٣ )

(( وتار دارشتنی پەخشانێکی کورتە، باسی بابەتێکی دیاریکراو دەکات، کە بە شێوازێکی دیاری کراو نەنووسراوە و بەپێی ویست و ئارەزووی نووسەرەکەی دارێژراوە، هەر ئەمەش وادەکات کەسێتییەکەی بەرجەستە بکات )) . ( تيسير أبوعرجة،٣٦- ٣٧ )

(( وتار چەشنێکە لە چەشنەکانی ئەدەب، کە نووسەر بە شێوازی پەخشان گوزارشت لە هەست و نەستی خۆی دەکات لە سەر بارودۆخێک و بابەتێکی تایبەتی لە چەند پەڕەیەکی کورت و دیاریکراودا وشەکانیشی گوزارشتن لەو پاڵنەرەی کە هۆکار بوو بۆ هەڵبژاردنی ئەو بابەتە بە جۆرێک کار بکاتە سەر خوێنەر بە چەند ڕستەیەکی کورت و کاریگەر و ڕازاوە و سەرنجڕاکێش )) . ( طاهر، ١٩٧٩، ٢٦٢ )

(( وتار : پارچە ئەدەبێکی بەخشانە نە کورت نە درێژ، بە شێوازێکی ڕوون بە زمانێکی دڵکێش، لە بابەتێک لە بابەتەکانی ژیان دەدوێ، نووسەر لە نووسینیدا کاتێکی زۆری پێناوێ و لەکەسایەتی نووسەرەکەوە تەعبیر دەکات )) . ( بیمار، ١٩٩٨، ١٩ )

(( وتار : نووسینێکی ئەدەبییە لایەنێ لەلایەنە دیاریکراوەکانی ژیان دەگرێتەخۆ، یا بابەتێکی تەسکی ژیان لێکدەداتەوە )) . ( ڕەسوڵ، ١٩٨٩، ١٣٨ )

## تەوەری سێیەم / گرنگی وتار ( تایبەتێتی و ڕەگەز و بابەت و ناوەڕۆکی وتار ) :

ئاشکرایە هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی خاسیەت و تایبەتێتی دیاریکراوی خۆی هەیە، کە جیایدەکاتەوە لە بەرهەمێکی تر، دوکتۆرە شوکریە ڕەسووڵ خاسیەت و تایبەتییەکانی وتاری بە جۆرێک دیاریکردووە، بێگومان جیاوازترە لە ژانەرەکانی تر لە ڕووی تەکنیک و دەستوورەوە : (( لە خاسیەتەکانی وتار :-

أ - کورتی ، ب- پەخشانکاری، ج- تەکنیک، د- خودخوازی )) . ( ڕەسووڵ، ١٩٨٩، ١٣٨- ١٣٩ )

هەر بەو پێودانگە و بۆخستنەڕەی ڕەگەزەکانی وتار و پێکهێنەرە سەرەکییەکانی ( سالار عوسمان ) دەڵێت: (( وتار وەک هەموو هونەرێکی دیکەی ئەدەبی لەسەر چەند بنەما و ڕەگەزێک وەستاوە :-

١- بیرۆکە : بیرۆکە ئایدیای نووسەرە، بیروباوەڕ و ڕوانینە تایبەتییەکانی بۆ ژیان و کۆمەڵگە و چەمکەکان ،...، بۆ ئەم مەبەستەش جوانترین دەستەواژە و قوڵترین مانا و کاریگەرترین پەیڤ هەڵدەبژێریت...

٢- زمان : وتار نووس لە ڕێگەی زمان و هێزەكانی نێو زمانییەوە، بیر و ئایدیا و مەبەست و ڕوانینەكانی خۆی دەردەبڕێ .

٣- شێواز : بریتییە لە جۆری داڕشتن و ڕۆنان و درووستكردنی بینای دەقەكە ، كە هەر نووسەرێك ئەم پرۆسەیە بە شێوازی تایبەتی خۆی ڕێكدەخات.

٤ -پلان : ڕەنگرێژكردنی بەرنامەی نووسینی وتارە ،...، پلان كۆكەرەوەی هەر سێ ڕەگەزەكەی پێشووتری وتارە ( بیرۆكە، زمان، شێواز ) ... )). ( عوسمان، ٢٠٠٩، ٢٥- ٣٢ )

لێرەدا نووسەری وتار ئەو بیرۆكە و بابەتەی كە بووە بە ئایدیای سەرەكی نووسینەكەی و چەقی بابەتەكەیە، بە زمانێكی گونجاو و چڕ و پڕواتا ، بە شێوازی تایبەتی خۆی و ئەو پلانەی كە بۆی دانراوە، بابەتەكەی پلانڕێژ دەكات. لەبەر ئەو گرنگییەی وتار هەیەتی وەكو هونەرێك و جۆرە ئەدەبێكی تا ڕادەیەك تازە و ژانرێكی تایبەت، ڕاستەوخۆ بابەتەكانی پەیوەستن بە ژیانی خەڵكەوە و (( هیچ بابەتێك بۆ وتار نییە، چونكە وتار ئەو مەسەلە بێ سنور و بێ پایەیانە لێك ئەداتەوە كە زۆر لێك جیان، ڕەنگە هەر بەمەش لە هەموو هونەرەكانی تری ئەدەب بەرزتر بێ، بابەتەكانی وتار بریتین لە :-

١- وتاری كەسی،٢- وتاری وەسفی، ٣- وتاری كۆمەڵایەتی،٤- وتاری ڕەخنەیی،٥- وتاری زانستی،٦- وتاری فەلسەفی )). ( ڕەسووڵ، ١٩٨٩، ١٤٠ - ١٤١ )

هەروەك ئاشكرایە بەرهەمی ئەدەبیاتی فۆلكلۆریمان، وەكو هەموو ئەدەبێكی تری جیهان سەرەتا لە داستان و ئەفسانەكانەوە پەلی هاویشتووە و چیرۆك بەدوایاندا هەنگاوێكی دواترە، ئەو ڕووداو و سەرگوزشتانەی كە مرۆڤ لە ژیانیدا بەسەریهاتووە، دەماودەم ڕۆشتووە كەم و زیادی كردووە بە پێی ڕۆژگار و ساڵانی بڵاو بوونەوە و مانەوەشی، دواتر ئەم چیرۆكانە بوون بە بناغەیەك هونەریتری وەكو پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و گاڵتەوگەپ لێیەوە درووستبوون. مرۆڤ بیركردنە و لێكدانەوەی زیادیكردووە و ڕۆژگار فێری زۆر ئەزموونی كردووە، ئەم قاڵبوونەش لە ئەدەبەكەیدا ڕەنگیداوەتەوە، هەروەك ئاشكرایە ئەدەب ئاوێنەی ژیان و بیركردنەوە و سەرنجی مرۆڤە بەو واتایەی چیرۆكەكان بوون بە بناغەی زۆر ژانری تری ئەدەبی، پەیوەندییەكی زۆر چڕ و پڕ ئەم ژانرانەی بە دوای خۆیدا ڕایەڵە

کردووه، نەک هەروا دیاردەیەکی لەخۆوە بێت ( چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان ڕەنگدانەوەی ژیانی زەحمەتکێش و ڕەنج و ماندووبوونە لە پێناوی ژیاندا، بەڵام ئەفسانە و داستانەکان خەیاڵ باڵی کێشابوو بەسەریاندا، هەروەها پەندەکان بنەماکەیان لە ژیانی ڕاستەقینەی کوردەوە وەرگیراوە و خەیاڵ ڕۆڵ نابینێت، هەموویان ڕەنگدانەوەی ئەزموونی ژیانی خەڵکن، بەرهەمی ژیانی تاڵ و ئەستەم و تەنگ و چەڵەمەن بە کورتی و چڕی و پاراوی دید و بۆچوون لە پێناوی بەرەنگاری و کۆڵنەدان و ڕەنج و تێکۆشان بۆ گەیشتن بە ئامانج و مافە ڕەواکانیان لەژێر دەسەڵاتی دەرەبەگ و هەلپەرستدا که بناغەکەیان ڕووداوی چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان بووە ). (مصطفی رسول، ١٩٦٤، ٣٤ – ٣٥ ) هەر بۆیە پەندی پێشینان بناغەیەکی واقیعیانەی هەیە و هیوا و کۆڵنەدان و خەباتە لە پێناوی ژیان و خاکدا، سەرجەمیان لە قۆناغێکی وشیاری و ڕۆشنبیری میللەتدا وتراون و بناغەکەیان چیرۆکەکانە، کەلایەنی سەنعەتکاریی زمان و وردەکاریی زۆر بە ئیدیۆم و پەندەکانەوە دیارە، هەروەک( ئارسەر تایلەر ) دەڵێت : ((قسەی پێشینان ڕستەیەکی ڕێکوپێک و جوان داڕێژراوە وەک وتەیەکی بە توێکڵ و پڕمانا لەناو خەڵکدا بڵاو بۆتەوە )) . (ڕەسووڵ، ١٩٨٩، ١٧٤ )

لەڕووی بوونی ئەم پەیوەندییەوە لە نێوان ژانرەکانی فۆلکلۆردا ( عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ ) سەبارەت بە پەندی پێشینان و قسەی نەستەق دەڵێت : (( هەریەکەیان گرنگە و ناتوانرێت لە جێگای ئەوی تر دابنرێت، لەم دابەشکاریەدا زۆر جەخت لەسەر بوونی خاوەن بەرهەم دەکرێتەوە لە قسەی نەستەقدا، بەڵام زۆرکاتیش خاوەن بەرهەم دیار نییە هەر بۆیە تێکەڵی یەکتری دەبنەوە و لە یەک بابەتی فۆلکلۆردا جێگەیان دەکرێتەوە)). (مستەفا ڕەسووڵ، ٢٠١٠، ٨٦ )

سەبارەت بە پەیوەندی چیرۆکەکان بە پەندی پێشینان و گاڵتەوگەپەوە شوکریە ڕەسووڵ دەڵێت: (( قسەی خۆش چیرۆکێکی کورتە بەڵام بە جۆرێکی گاڵتەئامێز داڕێژراوە و گیانی پێکەنینی کراوە بەبەردا )) . (ڕەسووڵ، ١٩٨٩، ١٦١ ) زۆرکاتیش بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئەو دەقانە پێویستە بچینەوە بۆ سەردەمەکەی کە تیایدا وتراوە یان بۆ مێژوویەکی نزیک لێوەی هەتا ڕاڤەکردنەکان زانستیانە بن، چونکە ئەدەب ئاوێنەی زۆر ڕووداوی مێژووییە (( چون هەتا مێژووی ئەدەبی فۆلکلۆر، خولْقاندن و بەرەگرتنی بەرهەمێکمان باشتر بۆ ڕوون بێتەوە، زانیاری و تێگەیشتنمان لە ناوەرۆکی بەرهەمەکە

زێدەتر دەبێ )). (وەلیانی،٦ ) بە تایبەتی بۆ زۆر بەرهەم کە لە ڕووی سەردەمە مێژووییەکەیەوە لە ئێمەوە نزیکترە باشتر شیدەکرێتەوە، بۆ نموونە چیرۆکی دوانزە سوارەی مەریوان باشتر ڕاڤە دەکرێت وەک لە ڕووداوێکی کۆنتر .

هەر بەو جۆرە لەسەردەمی وشیاربوونەوە و ڕۆشنبیربوونی کورددا لە دوای جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی و فراوانبوونی بابەتی پەخشان و وەرگرتنی زۆر بنەما و تەکنیک و بابەتی ئەو ڕۆژگارانە، وتاری کوردیش سوودی لە زۆر بابەتی تری پەخشان و تەنانەت شیعریش وەرگرتووە (( هەر لەم ڕووەوە وتار کەڵکی لە چیرۆک و ژیاننامە وەرگرت، بۆ وێنەکێشانی کەسێتی و لە شانۆنامەش وتووێژ و لە هەڵبەستی لیریک سۆز و جۆشی شیعریانە ،...، بێگومان هونەرێکی دیکەی پەخشانیش کەپەندی پێشینان و قسەی نەستەقە لەم ڕووەوە لەوتار نزیکە و بە بەردی بناغەی وتار دادەنرێت، چونکە ئەویش بریتییە لە سەرنجدان لە ژیان و وەدەستهێنانی پەند و ئامۆژگارییەک )). (بیمار، ١٩٩٨، ١٩، ٢٥ ) سەرجەمی بەرهەمی فۆلکلۆری بە شیعر و پەخشانیشەوە ژیریی دەستی هەیە لە درووستبوونیاندا، چونکە لێکدانەوە و سەرنجدانە لە ژیان، بیر و بابەتی جیاواز و قووڵ دەربارەی ژیان و بوون دەخەنەڕوو، بە واتایەکیتر شیعرەکان لە فۆلکلۆردا نەک هەر سۆز بەڵکو بیریش ڕۆڵی زۆری بینیوە، بەڵام لە ئەدەبی نووسراودا لەگەڵ سەردەمی نوێ و ئەدەبی نوێدا ژانرە جیاوازەکان هەریەکەو بەپێی خۆی و سروشتی درووستبوونی گوزارشت لە دید و بۆچوون و ئاستی ژیری خاوەنەکەی دەکات.

بە گشتی لە شیعردا سۆز و لە پەخشانیشدا بیر ڕۆڵی سەرەکی دەبینن هەر لەمڕووەوە وتارەکان زادەی هۆش و بیرێکی ڕۆشنبیرانەن هەروەها سۆزێکی ڕاستگۆیانەشیان تێدایە (( بناغەی بنەڕەتی بۆ هۆنراوە سۆزە و بۆ پەخشانیش بیرە ، لە ڕاستیدا نە سۆز بە بێ بیر ئەکرێ و نەبیریش بە بێ سۆز )). ( سوجادی، ٢٠٠٠، ١٩ ) لەبەر ئەوەی کە بابەتی پەخشان بە هەموو جۆرەکانیەوە زادەی هۆش و بیرە و کەمتر لایەنی هەست و سۆزی تیادا دەردەکەوێت، بەو پێیەی وتاریش لقێکی سەرەکی پەخشانە، بێگومان هەتا وریایی و بەئاگایی و ئاستی ڕۆشنبیری و سەربزێوی نووسەر زیاتر بێ، بە شێوەیەکی وردتر سەرنجی دەوروبەری خۆی دەدات و زۆرجاریش بۆ گەیاندنی بیرەکەی زمانی هەست و سۆز بەکاردەهێنێت، بەڵام لەژێر کاریگەری و سانسۆری بیری سەرەکی بابەتەکەیدایە ( عەلادین

سوجادی ) لەم ڕووەوە دەڵێت : ((ئەوەی کە هۆنراوە لە پەخشان جیا ئەکاتەوە لەمڕووەوە ئەوەیە : کەسۆزەکە گەوهەری یەکەمی هۆنراوەیە، بۆ ئەوە جوانی ژیان و جوانی گێتی لە دڵ و دەروونا ببووژێنێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوە کە پەخشان مەبەستی فێرکردن و ڕوون کردنەوەی ڕاستی و حەقایقە، بیر زیاتر دەسەڵاتی تێدا هەیە تا ڕەگەزێکی تر )). (سوجادی، ١١٧– ١١٨ )

وتارەکان لە ڕۆژانی خۆیاندا لەناو لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بۆ یەکەم جار کەوتنە بەردیدی خوێنەران و بە وەرگێڕان و کاریگەربوون بە وتاری ئەدەبی عەرەبی بنەما و شێوەی دارشتن و بابەتیان لێوە وەرگیراوە، گرنگیان لەوەدا بووە دوای گۆڕانکاری لە سەردەمەکەدا و لە ئاکامی جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم دا پەخشانی کوردیش لە سەر دەستی ڕۆشنبیرانی سەردەمەکەدا کەوتووەتە بەردیدی خوێنەرانی ((ڕەنگە لاپەڕەکانی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی کە کوردستانە و ساڵی ١٨٩٨ لە قاهیرە دەرچووە یەکەم وتاری کوردی بڵاو کردبێتەوە، پاشان لە سەرەتای سەدەی بیستەم و پێش شەڕی یەکەمی جیهان چەند گۆڤارێکی کوردیش لە ئەستەمۆڵ دەرچوو، وەکو: ڕۆژی کورد، ژین، هەتاوی کورد، پاشان لە بەغدا بانگی کورد ١٩١٤ و تێگەیشتنی ڕاستی ١٩١٨ و لە سلێمانی پێشکەوتن ١٩٢٠، بانگی کوردستان، ڕۆژی کوردستان و هی دی کە ئەمانە تۆماری وتاری کوردین بە هەموو جۆرەکانیەوە و بەردی بناغەی پەخشانی کوردیمان دامەزراندووە )). ( بیمار، ١٩٩٨، ٢٤ )

زۆرجار چیرۆک و ڕووداوەکان و ئەو بەسەرهاتانەی بە سەر خەڵکدا هاتوون لە شێوەی چیرۆکی کورتدا و لە قاڵبێکی تردا بە شێوەی پەندی پێشینان دارێژراون بۆ ئەوەی ببن بە ئەزموون و نەوەکان بە دوای یەکدا سوودی لێوەربگرن، واتا ئەو چیرۆکانە پەندیان لێوەرگیراوە (( چیرۆک بە گوێرەی جۆر دەکرێت بە سێ بەشەوە : ١– چیرۆکی ڕووداو ٢– چیرۆکی ئەفسانە ٣– چیرۆکی نیشانە– ڕەمز ، چیرۆکی ڕووداو دەکرێ بە دوو بەشەوە : أ– چیرۆکی پەندەکان : ئەو چیرۆکانەن کە پەندەکانیان لەسەر وەرگیراوە وەکو : بانێکەو دوو هەوا ، گەزی چی و جاوی چی ،...، ب– چیرۆکی سادە : ئەو چیرۆکانەن کە پەندیان لەسەر دانەنراوە. )). ( کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠٠٩، ٢٠ – ٢٣ ) هەروەک چۆن چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان ڕووداوەکانیان بوون بە پەند و ئامۆژگاری و زۆرجار پەندەکان لەوانەوە وەرگیرابوون، دەبینین ( محەمەد مستەفا کوردی ) زۆر بە وردییەوە بە مامەڵەیەکی تایبەتییەوە،

جارێکیتر پەندەکانی بە شێوەی چیرۆک دارشتوتەوە، زۆر وتاری جوانی لێ بەرهەمهێناون و لەژێر ناونیشانی پەندەکاندا هێشتوونیەتیەوە، ئەمە لەلایەک پەندەکە بە زیندوویەتی دەهێڵێتەوە و زیاتر دەوترێتەوە، لەلایەکیترەوە ناوەرۆکە دەبێت بە ئامۆژگاری بۆ نەوەی داهاتوو، هەروەها سیمای کەسێتی نووسەریش هەڵدەگرن لە مامەڵەکردن لەگەڵ ناوەرۆکەکە و دید و بۆچوونی زیاتر دەردەکەوێت لە هەڵبژاردنی ئەو پەندانەدا، جگە لەوەش چۆنیەتی گوزارشتکردن و بەکارهێنانی فەرهەنگی زمان، شێوازی تایبەتی – کەسیی لە ڕوخساردا بەرجەستە دەکەن.

لەبەر ئەوەی نووسەر زیاتر لە ژانرەکانیتری فۆلکلۆر سوودی لە پەندی پێشینان وەرگرتووە، بە گرنگی دەزانین چەند سەرنج و ڕاو بۆچوونێک دەربارەی پەندی پێشینان بخەینەڕوو :

(( پەندی پێشینان : بریتیە لە بەرهەمێکی زۆر کۆنی خەڵک، ئەم پەندە هەمیشە لای گەلانی سەرەتایی و سادە فەلسەفەی ڕاستەقینە و لە کاری ڕەوشت و خووە، هەموو ڕاستییەک، هەموو ڕووداوێکی ژیانی ئەدەمیزاد، هەموو کردارێک، چاک یان خراپ، هەموو گەیشتنە ئەنجامێک کە میللەت گەیشتبێ، دەربارەی هەرچییەک بێت، ئەچێتە تەرازووی پەندی پێشینانەوە )). ( مستەفا ڕەسووڵ، ١٩٧٠، ٧٨ ) نووسەر لە زۆر وتاریدا پەندی پێشینانی وەرگرتووە و کردوویەتی بە ناونیشان و سەرباسی زۆربەیان، هەر لە سەرنجدان لە ناوەرۆک و چۆنیەتی خستنەڕووی مەبەستی سەرەکی و تەنانەت لاوەکیش لەگەڵ وشەی فەرهەنگی و تایبەتی ( ئەکسێنتی نووسەر ) دا بە جۆرێک ئاوێزان بوون چەندین وێنەی هونەری بەرزیان نەخشاندووە، کە ڕەنگدانەوەی واقیعی ژیان و گوزەرانی مرۆڤی کوردن لەو ڕۆژگارانەدا، هەروەها هەڵبژاردنی ئەو پەندانە خۆی لە خۆیدا لە ئەکامی سەرنجدان و تێرامان و چۆنیەتی بیرکردنەوەی نووسەرەوە بەرهەم هاتوون سەرەڕای شێوازی کەسی و لایەنی ڕوخساری وتارەکان کە ئاماژەمان پێدا.

پەندی پێشینان هەندێکجار بە ئاسانی واتاکەی لێکدەدرێتەوە، زۆرجاریش مانا و لێکدانەوە هەڵدەگرێت و بە ئاشکرا واتاکەی دەرناکەوێت، دەبینین قسەی نەستەقیش بە هەمان شێوە و پێودانگ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، لەمڕووەوە ( عیزەدین مسەفا ڕەسووڵ ) دەڵێت : (( پەندی پێشینان یان قسەی

نەستەق، ڕستەو وتەیەکی کورتە، مانایەکی فراوان و قووڵی تێدایە، پەندی پێشینان زۆرجار ڕاستەوڕاست ئەنجامێک ئەدات بە دەستەوە )). (مستەفا ڕەسووڵ، ١٩٧٠، ٧٩ )

زۆر جار هونەر و ژانرە ئەدەبییەکان کاریان لە یەک کردووە و بوون بە ناوەرۆک و هەوێن بۆ یەکتری و سوودیان لە یەکتری وەرگرتووە، نووسەری بەتوانا لەمڕووەوە دەتوانێت زۆر پەند و چیرۆک و قسەی نەستەق بکات بە ناوەرۆکی بەرهەمەکانی، پەندی پێشینان لەم بوارەدا جێگەیەکی دیار و بەرچاوی هەیە، زۆرجار ئیدیۆم و قسەی بە توانج و بە توێکڵی بە دوای خۆیدا هێناوە، چونکە (( پەندی پێشینان هەروەک خۆی لە ڕیزی فۆلکلۆردا شتێکی تایبەتییە، هەروەها لەگەڵ خۆیدا بەشێکی تری فۆلکلۆر ئەهێنێتە کایەوە کە ئەویش کورتە چیرۆکە، چونکە هەموو پەندێک سەرەتایەکی هەیە، واتا شتێک، قەوماوێک، کارەساتێک،ڕووداوێک ڕوویداوە، لە ئەنجامی ئەوەدا ئەو پیاوە ژیرە ئەو قسەیەی کردووە، کە بووە بە پەند و مەسەل و بڵاوبۆتەوە بۆ ماوەیەک )). ( سەرچاوەی پێشوو، ٨٠ )

## تەوەری چوارەم : لێکدانەوە و شیکردنەوەی وتارەکان :

نووسەر هەمیشە وتارەکانی بە شێوەی کوردی پەتی و بە زمانێکی سادە و ساکاری کرمانجی ناوەڕاست ناوچەی سلێمانی نووسیوە، لەگەڵ ناونیشانی سەرەکی وتارەکاندا زۆر جار ناونیشانی ( نموونەی کوردی پەتی ) داوە بە وتارەکانی. فرەجۆری بابەتی وتارەکانی و هۆکاری دروست بوون و بە بەرهەم هاتنیان چەند سەرچاوەیەکە هەموویان باخی هەست و نەست و چێژی هونەری و ئەدەبی نووسەریان تێراوکردووە، هەمیشە بە زمانێکی کوردی پەتی ڕەسەن هەوڵیداوە ناوەڕۆکەکانیان بگەیەنێتە خوێنەران و ڕۆشنبیرانی کورد، بەو پێیەی کە نووسەر ڕۆشنبیر و خوێندەوارێکی سەردەمەکەی خۆی بووە و زمانەکانی فارسی و عەرەبی زۆر بە چاکی زانیوە، هەربۆیە سەرجەمی وتارەکانی شێوازێکی ئامۆژگاریان تێدایە و لە ڕوانگەی گیانێکی نەتەوەیی و دڵسۆزییەوە بۆ نەوەکانی دواڕۆژی هەوڵی داوە شێوەی ئاراستەکارییان پێوە دیار بێ، لە زۆربەی ژمارەکانی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ( ژین ، هیوا ، بڵێسە ، ڕۆژی نوێ ، سلێمانی) دا بڵاویکردوونەتەوە ، بابەت و ناوەرۆکی وتارەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشدەبن :

أ – ئەو وتارانەی بەهۆی ئەزموونی ئەدەبی نووسەرەوە بەرهەم هاتوون.

ب– ئەو وتارانەی بە کاریگەری ئەدەبیاتی عەرەبی و وتارەکانی ( جبران خلیل جبران ) ەوە بەرهەم هاتوون.

ج– وتارێک بە وەرگرتنی بیر و مەبەست لە ( کەلیلە و دمنە ) ی فارسیەوە وەرگیراوە.

## أ – ئەو وتارانەی بە هۆی ئەزموونی ئەدەبی نووسەرەوە بەرهەم هاتوون :

وتارەکانی ( محەممەد مستەفا کوردی ) لەم بوارەدا ژمارەیان زۆرە و ئاوڕی لە زۆر بابەتی جیاواز و جۆراوجۆر داوەتەوە، وەکو داب و نەریت و خووڕەوشتی کوردایەتی و مەردایەتی و ئازایەتی و ڕێزگرتنی گەورە و باسکردنی شاعیرانی کورد و هەندێک کەسایەتی دیار، بە ڕادەیەکی زۆریش پەندی پێشینانی وەرگرتووە و دەربارەی ناوەرۆکیان چەندین وتاری بەرز و بەپێزی نووسیوە. وتار لە خودی خۆیدا وەکو لقێکی سەرەکی پەخشان جگە لە ڕازاندنەوە و گرنگیدان بە ڕوخساری دەربڕین، بە باسکردن و ئاوڕدانەوە لە کێشە و بابەتی زۆر و فرەلایەن ناسراوە و بابەتی وتار سەبارەت بە هەر شتێک بێت بێگومان کەسێتی نووسەری تیادا ڕەنگدەداتەوە، لە هەڵبژاردنی بابەت و ئاوڕدانەوە لەو باسەی کە تەوەری سەرەکییە جگە لە باس و بابەتی تری دەوری، زیاتر چێژی هونەری بەخوێنەر دەبەخشن ( ئەمەش کاتێک دێتە دی کە کەسێتی وتارنووس بەرجەستە ببێ لەگەڵ بابەتەکەدا، چونکە شێوازی دەربڕین و ڕازاندنەوەی ڕوخسار تەنیا لایەنی کەسێتی نووسەر دەرناخات ، بەڵکو لە چۆنیەتی گەیاندنی بابەتەکەیدایە، بێگومان ئەمەش لە ئەزموونی تایبەتی نووسەرەوە بەرجەستە دەبێت ). ( اسماعیل، ٢٠١٣، ١٦٣ )

بەم پێودانگە نووسەر لە سەرجەمی وتارەکانیدا کەسێتی خۆیی تیادا ڕەنگ پێ داوەتەوە وتەکان و دەربڕینەکانی هەڵگری ئەو خەم و حەسرەتەن و ئەو نەهامەتییانەن، کە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و نیشتمانی و نەتەوەیی و چینایەتییەوە ڕێگەی پێشکەوتنیان لە مرۆڤی کورد گرتووە، کە ناوەرۆکی وتارەکانی دەکەونە بەرچاوی خوێنەر لە دوو بواری ( خواناسی و کوردپەروەری ) دا زیاتر بەرجەستە دەبن، زۆر جار بە ڕاستەوخۆ و هەندێک جاریش ناڕاستەوخۆ ئامۆژگارین بۆ نەوەکانی میللەتەکەی، لێرەدا چەند نموونەیەک لە وتارەکانی دەخەینە ڕوو :

نووسەر لە وتارێکیدا بە ناوی ( سیمیا و کیمیای کۆن ) ەوە باسێک دەخاتە ڕوو، بەڵام لە ناوەڕۆکیدا هەڵگری چەندین دید و تێڕوانینی جیاوازە وەکو باسکردنی دێو و درنج و جنۆکەو ئەو خەیاڵانەی کە مرۆڤی سەرقاڵ کردبوو، هەروەها باسکردنی کۆڕ و کۆبوونەوە و مزگەوت و ئەو ڕووداوانەی کە تیایدا دەگوزەران جگە لە باسکردنی نەفامی و نەزانی خەڵک، هەروەها هاتنی چەند کەسێکی بێگانە وەکو گەڕەیدەو ڕۆژهەڵاتناس هاتوون چەند ناوچەیەکی کوردستان گەڕاون هەتا لە هەموو ڕوویەکەوە خاک و ئاو و هەوا و خو و ڕەوشتی خەڵک و داب و نەریت و ئاین و چۆنیەتی بیروڕاو ئاستی ڕۆشنبیریان بە پلەی یەکەم بزانن سەرەڕای زانینی لایەنی ڕامیاری و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی وڵات، کاتێک گەڕاونەتەوە زانیارییەکی تەواویان کۆ کردۆتەوە و بردویانەتەوە بۆ وڵاتی خۆیان، هەتا لە دەرفەتێکی گونجاودا هەڵبکوتنە سەر ئەو ناوچانەی کە کردوویانن بە نیشان و پێکاویانن و بۆ ساڵانێکی زۆر داگیریان کردوون. دواتر بەهۆی ئەم لایەنی کیمیازانی و دەرمانسازییەوە لە کۆندا بەراوردی دەکات بەو کیمیا و سیمیایەی ئێستا کە باسی خۆشەویستی خاک و یەکگرتن و تەبایی دەکات بە شێوەیەکی هونەرمەندانەی زۆر ناوازە کە سەرتاپای پەند و ئامۆژگارییە لە زۆر ڕووەوە بۆ مرۆڤی کورد کە چاویان بکرێتەوە و ڕۆشنبیر ببن :

(( لەدەم پێشینان و باو و باپیران ئەگێڕنەوە ( گوایە) مرۆڤی وا بووە کە سیمیا و کیمیای زانیوە و بە هۆیەوە بە ئاسانی زێڕ و زیوی درووستکردووە ،...، بە زۆری ئەم سیمیا و کیمیازانانە بێگانە بوون کە لە کاڵای پیاوی ئایینیا بە ڕیشێکی پانی بەفرماڵیی و باڵاپۆشێکی فشوفۆڵ و سەروپێچێکی زلی لەندەهوورییەوە ئەنێرران بۆ جوست و جۆ و بوار تاقیکردنەوە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا ،...، ئینجا لە مزگەوتی دێیەک لەنگەر ئەهاوێ و ئەوەی کە کۆی کردۆتەوە بە پاک و پوختی و قاڵکراوی بەند بەند تۆمار ئەکات و ئەیباتە ئەو جێیەی لێوەی هاتووە، لەوێ ئەیدات بە دام و دەزگای تایبەتی خۆی ،...، لە لایەن پسپۆڕەکانیانەوە ورد ئەکرێنەوە و ئامادە ئەکرێن بۆ کاتی خۆی، ئینجا وەک مێردەزمە باڵ ئەکێشێ بە سەر ئەو گەلەدا وەکو دوژمنێکی شارەزا ئەژەنێ و دەست دەکا بە خوێن مژینی )).
دواتر نووسەرڕوو دەکاتە نەوەکانی میللەتەکەی هەتا بە ئاگابن و بزانن چۆن ئازادی و سەرفەرازی دێتە دی : (( سیمیا و کیمیای ئازادیش بە لێکدان و ئاوێتەکردنی خۆبەختکردن و کۆششکردنی هەرەوەزی گەل و کۆڵنەدان و شەونخوونی و گیانبازی ئەبێ، کە بە ئاوی ئارەقی ناوچەوان تێکهەڵشێلرێ تا پوختە

ئەبێ، ئەمەش بە مەرجێک ئەبێ لە کاتی شێلانا ( دووبەرەکیی ) نەیەت بە یادا )). ( من و بولبول، ٢٠٣ – ٢٠٨ )

نووسەر لە وتاری ( دەربارەی پێویستی بە ڕۆژنامە و گۆڤار )دا بە بیری ورد و هونەرمەندانەی لە زۆر کایەو لایەنی ژیان و پسپۆڕییەوە باسی پێویستی و گرنگی گۆڤار و ڕۆژنامەی کردووە، بۆ ئەوەی خوێنەران زیاتر بە جۆش و خرۆشەوە بەرەو ڕووی بڵاوکراوەکان بچن و مێشکی نەوەی نوێی پێزاخاو بدەن، هەروەک دەڵێت : (( هەموو گەلێک لە ڕووی گێتیدا پێویستی بە گۆڤار و ڕۆژنامە هەیە کە کاروبار و هەموو تەحرە پێویستییەکی ئەو گەلە لە ژیانا بخاتە ڕوو، چاکە و خراپەی بۆ لێک جوێ بکاتەوە، هەموو بەرزبوونەوە و بەخۆداهاتن و زەنویر بوونەوەی ئەو گەلە نمایان بکا، هۆی پەستی و دواکەوتن و هەژاری و کەساسی و کەنەفتی وەک لاژکیی و نەخۆشی بۆ ڕوون بکاتەوە، گۆڤار و ڕۆژنامە وەک ئاو وایە بۆ گیاندار،، گۆڤار و ڕۆژنامە مامۆستا و پزیشکێکە، گەل لە دەردیکاری ڕزگار ئەکات و بیماری هەموو نەخۆشییەکی ئەکات. گۆڤار و ڕۆژنامە وەک مامۆستایەکی کشتکاریەک گەل فێری ڕواندن و چاندن و چنین و دروونەوە و کەش و وەردانەوە و قەڵەم و تۆزکردن و تولْکێش و ئاودێری و تیر و گۆڵ و جۆماڵ و چۆنێتی ئاودێری و بەرهەمهێنانی کشتوکاڵەکەی ئەکات ،...، گۆڤار و ڕۆژنامە پسپۆڕێکە لە چینەکانی ناخی زەویدا مردووم شارەزا و ئاشنا ئەکات بەو شتە بەنرخانەی کەوا لە ناو سکیا وە چۆن دەرئەهێندرێن و ئامادەی کار ئەکرێن و بەهرەیان لێ وەرئەگیری و سوودیان دابەش دەکرێ)).( من و بولبول، ١٤٧– ١٤٨ )

هەروەها لە وتاری ( بەرەو نەتەوە ) شدا نووسەر هەوڵیداوە کۆمەڵگە و خێزان ئاراستە بکات لەسەر پەروەردەیەکی باش، هەر دوو جۆری نەتەوە و خێزان و بنەماڵەی باش و خراپ جیا دەکاتەوە لە ڕووی پەروەردەی درووست و نادرووستەوە : (( بەرهەمهێنانی مناڵ و پێگەیاندنی بە جۆرێکی وا کە بتوانێ بچێ بە پێشوازی پاشەڕۆژییەوە و تێکەڵاوی کۆمەڵ ببێ، بێ ئەوەی کە دووچاری هیچ کۆسپ و گرێ و قۆرتێک و لە ژیانا تووشی هەڵە ببێ ،...، زۆر نەتەوە ئەبینی کە لە خانەوادە و دوودمانێکی ڕەسەنی ناودار کەوتووەتەوە، کەچی هەرچی بەڵگەی ڕەسەنی هەیە تیا نابینی، هەموو ناوەجاخی و بەدخویی تیا دیارە، نەتەوەی واش ئەبینی کە لە خانەوادە و بنەماڵەیەکی بێ ناوی

کەسنەناسی هەژاری داماو کەوتووەتەوە ،...، کەچی لەبەر ئەو پاکیەی کە بە زگماکی لە سەری درووست بووە و لەبەر ئەوەی کە باوک و دایکی لە ترسی نەنگ و بەدناوی هەر بە کۆرپەی لغاویان گرتووە و ترنجانوویانەتە خووڕەوشتی جوان و بە ئامۆژگاری بە کەڵک مەڵاشوویان هەڵداوەتەوە و گەورە و بچووکیان پیشان داوە... )). ( من و بولبول، ١٧٧ – ١٧٨)

هەر لە بواری پەروەردە و خستنەڕووی لایەنی باش و خراپی زۆر داب و نەریت و خووی پەسەند و ناپەسەند و جیاکردنەوەیان و ئاکامیان زۆر وتاری نووسیوە وەک : ( نازداری ، کڵۆڵی خەڕۆیی ، ئاخۆکەی ژیانێکی کامەرانیمان ئەبێ ، لە ڕێی داوێن پاکیدا و ....) هەروەها نووسەر زۆر جار پەندی پێشینانی کردووە بە ناوەرۆکی وتارەکانی، هەروەک لە وتارەکانی : ( نە بە بەرخی تێر شیر بووم نە بە کاوری تێر گیا، لەگەڵ گورگا گۆشت ئەخوا و لەگەڵ مەڕاشین ئەکا، ژنیش هەیە و ژانیش هەیە، دایکی دز یان سنگ ئەخوات یان سنگ ئەکوتێ ) .

هەروەها لە وتاری ( من و بولبول ) دا خۆی دەچوێنێت بەو بولبولەی کە شەیدای بەهار و گوڵ و گوڵزارە و نووسەریش شەیدای یەکێتی و برایەتی و دۆستایەتی و کۆڕی گەرمی جارانە، هەروەها هەردوو بارودۆخی خۆی و بولبول بە یەک ئەچوێنێ و ( ئەم وتارەش کراوە بە ناونیشانی کۆی بەرهەمەکانی ) کە نەبوونی ئارامی و دڵخۆشی و خۆشگوزەرانی جاران نووسەری بەرەو ئەم وتارە بردووە .

نووسەر چەند وتارێکی بەرز و جوانی نووسیوە لە یادی هاوڕێ و شاعیرانی کورددا، بۆ نموونە وتارەکانی : ( بێخود، وتارێک بۆ کۆنفرانس و وەرزی زانکۆی سلێمانی، یادی مامۆستا أ . ب . هەوری، بۆ گۆڤاری گەلاوێژی بەڕێز ) ( لێرەدا تەنیا ئاماژە بە وتارەکانی دەدەین هەرچەندە شیکردنەوەی بۆ دەقی شیعری شاعیران کردووە، لە شوێنی خۆیاندا لەمانەش دەدوێین ).

محمد مستەفا کوردی لە وتاری ( بێخود ) دا هەوڵی داوە ( بێخود ) ی شاعیر بە خوێندەوار و ڕۆشنبیرانی کورد بناسێنێت، بەو پێیەی ( بێخود ) مەلا بووە کە سایەتییەکی ئایین پەروەر و ڕەوشت بەرز و خواناس بووە، لەگەڵ ئەو حەز و خولیایەدا گونجاو و تەبا بووە کە نووسەر هەیبووە وەک

پەیرەوکردنی ڕێبازی ئایینی و سەوداسەری شیعری کلاسیک بووە لە هەمان کاتدا، هەر بۆیە بێخودی شاعیری هەڵبژاردووە و ئەوەی لە دڵیدا هەبووە لە وەسفی بێخود بە ڕوونی و پاراوی و کورتبڕی خستویەتیەڕوو، هەروەک دەڵێت : (( مەلا مەحموودی بێخوود لە ساڵی ١٢٩٦ ی کۆچی لە دایک بووە بە ژمارەی ئەبجەدی ئەم ئایەتە پیرۆزە : (( عسى ان يبعثك ربك مقاما محمودا )) ڕێککەوتی ساڵی لە دایک بوونیەتی ،...، بێخود وەک پیاوە گەورە ئایینیەکانی سەردەمی دێرین باوەڕێکی ئێجگار پتەوی هەبووە بە خوا و پێغەمبەر و پیاوە ئایینیە بەرزەکان بە تایبەتی دڵبەستی پاکی پێغەمبەری بەڕێز بووە چامەکانی بە زمانی کوردی و فارسی بەڵگەن لەسەر ئەمە ،...، بێخود خاوەنی دڵێکی نەرمی پاک و زۆر خاوەن بەزەیی بووە، بۆیە ئەبینی هەر کەسێکی ناسیاوی و دۆستی مردبێ بە شیعری دڵچەسپ بۆی لاواندووەتەوە و بە ئەبجەد مادده تەئریخی بۆ داناوە ،...، لە ساڵی ١٣٧٦ ی کۆچی ڕێکەوتی ( ٢٥- ٨ - ١٩٥٥ ) ی زایینی کۆچی دوایی کردووە )).

( من و بولبول، ٤٦ ، ٤٧ ، ٤٨ )

نووسەر ئەو شیعرەی کە بێخود لە وەسفی پێغەمبەر ( د.خ ) دا دایناوە شیکردووەتەوە و ڕووەکانی ڕەوانبێژی و هونەرەکانی جیاکردۆتەوە بێگومان ئەمەش لێهاتوویی و ڕەنگینی قەڵەمی نووسەر دەردەخات لە بوارەکانی شیعر و پەخشاندا بە تەواوی ئەسپی شیعری خۆیی تاوداوە.

هەروەها نووسەر لە وتارێکدا کە( لە وەرزی ڕۆشنبیری زانکۆی سلێمانی خوێنراوەتەوە ) دا زۆر بە وردیی جیاوازی لە نێوان چەند پێوەر و پێودانگێکی ڕەخنەییدا کردووە : (( خوشک و برا بەڕێزەکان ئەی ئەوانەی لە پاشەڕۆژدا جڵەوی وێژەری و ڕۆشنبیری و نووسەری ئەگرنە دەست، گەلەکەتان ئاراستەی ڕێگەی ڕاست و ڕەوان ئەکەن، دڕک و داڵ و چقڵ و کۆسپ و گرێ و قۆرت لە ڕێیانا لا ئەبەن ،...، مەبەستەکەمان سێ پارچەیە، هەرچەندە بە پێی یاسای ( تێوەدان ) یان ( پەیوەندی ) یان وەکو ئەڵێن (وتار وتار ئەهێنێ ) بە چەند مەبەستێکی تر دەرمیان ئەکەین، ئەو مەبەستانە سەرەکی نین لە لێدوانی ئێستاماندا ، مەبەستەکان : ١- ڕۆشنبیر واتا ( مثقف ) ٢- وێژەر واتا ( أديب ) ٣- نووسەر واتا ( كاتب ) )). ( من و بولبول، ٥٣ ) نووسەر هەوڵیداوە بە وردی

دەربارەی هەریەک لەم وشانە بدوێ لە ڕووی فەرهەنگ و ئەرک و بەکارهێنانیانەوە لە ڕستە و لە ئەرکی فەرهەنگی هەریەکە لەم سێ مەبەستانەی ئاماژەیان پێدرا. واتر دەربارەی ڕەخنە و مەبەست و ئامانج و ئەرکی سەرنجەکانی دەخاتەڕوو، هەروەها دەربارەی جۆری ڕەخنەگرتن و پەیام و مەبەستی ڕەخنە دەدوێت بە شێوەکی زانستییانە – بێگومان ئاگاداری هەموو ئەم لایەنانە بووە لە دوو توێی وتارەکەیدا و لە وتارەکانی تریدا بڵاوی کردوونەتەوە و کە نیشانەی ڕۆشنبیری و بەئاگایی نووسەرن.

هەروەها لە وتارێکی تردا بە ناونیشانی ( یادی مامۆستا أ. ب .هەوری ) باسی شاعیری ناوبراو دەکات کە هاوڕێ و هاودەمی بووە و خاوەنی چەندین خەسڵەتی مرۆڤایەتی و ڕەوشتی بەرز و نیشتمانپەروەری بووە، سەرەڕای ئەوە مامۆستایەکی بەتوانا و دڵسۆز بووە و جێگەیەکی دیاری هەبووە لەناو ئەدەبی کوردیدا، ئەم وتارەش بۆ چلەی ماتەمینی أ. ب .هەوری ) نووسراوە : (( هەزار سڵاو لە ڕەوانی پاکت هاوڕێی خۆشەویستم کاکە ( أ. ب .هەوری ) ،...، کۆچ کردن تا کۆچ کردن جیاوازییەکی فراوانیان لە ناوەندا هەیە، هیوا هەیە کە کۆچ ئەکات بە سەر زاری ناوی دێت و ئەڕوا و ئەکوژێتەوە، ئیتر جارێکی تر ناوی ناهێنرێ مەگەر بە دەگمەن، هیواش هەیە کە کۆچی دوای ئەکات، چ لە لایەن دۆست و ئاشنا و ڕۆشنایەوە داخی بۆ ئەخورێ ،...، هیواش هەیە کە کۆچ ئەکات کۆچەکەی ئەبێتە کۆستێکی گەورە و خورپەیەکی کاریگەری جەرگبڕی ڕووخێنەری ئاوات و هیوا، بە ڕاستی کۆچی خوا لێ خۆش بوو کاکە ( أ. ب .هەوری) وا لە ناکاوو کتوپڕی لەم جۆرە کۆچانە بوو، چونکی گەلێ هۆی بیرنەچوونەوە و هەمیشە یادکردنەوەی هەیە ،...، لە کاتی قوتابێتیدا هەمیشە خەریکی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و نیشتمانپەرستی و چاندنی تووی برایەتی و یەکێتی و خۆشەویستی بوو، لە مامۆستایەتیدا هەموو جارێک قوتابییەکان بە چاوپێکەوتنی وەکو گوڵ ئەگەشانەوە، بە دڵێکی خۆش و سنگێکی فراوانی کراوەوە ئەیان جووڵاند بۆ پەخشانکردنی ئامۆژگاری و زانست بەسەریانا کە ڕمووەدەی کردبوون، ئەمیش بەپێی توانا بێ بەهرەی نەئەکردن. بە ڕاستی مامۆستای نەمر مامۆستایەکی هەڵکەوتووی بلیمەتی کۆڵنەدەری وەکیی میسالی بوو، خەمخۆریی ئەو هەر بۆ قوتابی و قوتابخانە نەبوو بەڵکو گۆشەی سەرنجی بۆ لای هەموو کەموکووڕی و نالەباریی گەل وهۆزەکەشیەوە بوو )). ( من و بولبول، ٦٨ ) شایانی باسە کە نووسەر زۆربەی زۆری وتارەکانی تەنیا چەند

نموونەیەکی کەمیان نەبێ، جگە لە ناونیشانی سەرەکی بە ( نموونەی کوردی پەتی ) ناونیشانی لاوەکی دابوونێ.

## ب- ئەو وتارانەی بە کاریگەری ئەدەبیاتی عەرەبی و وتارەکانی( جبران خلیل جبران )ەوە بەرهەم هاتوون:

بەوپێیەی نووسەر پاشخانێکی ڕۆشنبیری عەرەبی هەبووە شەیدا و خولیای خوێندنەوەی بەرهەم و ئەدەبیاتی عەرەبی و بە تایبەتیش وتارەکانی جبران خلیل جبران بووە، هەر بۆیە زۆر بیر و بابەت و ناوەرۆکی ناو ئەدەبیاتی عەرەبی کردووە بە هەوێنی وتارەکانی، لێرەدا چەند نموونەیەک وەردەگرین :

نووسەر لە وتاری ( بەهرەم لە ڕامیارییەوە وەرگرت ) کە وتاری نووسەری عەرەب ( أمیر عبدالکەریم ) ە ، لەم وتارەدا نەک هەر تەنیا وەرگرتنی بیر و ناوەڕۆک بەڵکوو سەراپای وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، بە شێوەی وتارەکانیتری هەوڵیداوە ئامۆژگاری بەهۆی وەرگرتنی بەهرە و سوود لە ڕامیارییەوە، چەند ئامۆژگارییەک بخاتە ڕوو، کە فەلسەفەی ژیان و ئەزموونی تایبەتی نووسەرە سەرەکییەکەیەتی، لێرەدا نموونەیەک لە وتارەکەی وەردەگرین : (( هیچ گومانێک نییە کە پیاوی ڕامیار، چ ڕۆژهەڵاتی بێ یان ڕۆژئاوایی ئەتوانێ لە ڕامیارییەوە زۆر شت فێر بێ، وە منیش کە لەو بۆتەیەدا قاڵ، بە بێژەنگ و قەڵبیری ڕۆژگار تەتەڵەو گێژ کراوم، بە ڕاستی شتی وام بۆ دەرکەوتووە وە نهێنی وام بۆ ڕوون بووەتەوە، بە پێویستیەکی ناچاریی ئەزانم کە بیخەمە پێش چاوی خوێنەوارانی ڕۆژهەڵاتی خۆشەویست بەشکم ئەوانیش بەهرەی لێ وەربگرن وە بیکەن بە ئامانجی ژیانیان. لە ژیانی ڕامیاریما بۆم دەرکەوت کە هێزی ماددە هەرچەندە بە تەوژم و مایەدار بێ، بەرامبەر هێزی گیانیی و هەستیی ناتوانێ بوەستێ و بەربەرەکانی لەگەڵا بکا، وە شتی ڕاست و درووستی بناغەدار چار نییە هەر سەر ئەکەوێ و زاڵ ئەبێ، با کاتیش درێژە بسێنێ و بەرهەڵستیش با ئێجگار پتەو و سەخت بێ )). ( من و بولبول، ١٦ )

هەرچەندە وتارەکە هی نووسەر نییە بەڵام هەڵبژاردن و وەرگرتنی نیشانەی کاریگەربوونی نووسەرە بە سەرنج و دید و تێروانینەکانی ( ئەمیر عەبدولکەریم ) بۆیە هەوڵیداوە وەریبگێڕێتە سەر زمانی کوردی و ڕۆڵەکانی نیشتمانەکەی بیر و هۆشیانی پێزاخاو بدەن و ئەزموونی لێوەربگرن، بۆ نموونە لە پەرەگرافی کۆتاییدا بەراورد و بەرەنگاری نێوان هێزی مادە و هێزی هەست و گیانی مرۆڤ دەخاتە ڕوو.

وتاری ( شاعیر تا نەمرێ ناژی ) لەسەر شێوەی نووسراوێکی وێژەری نەمر جبران خلیل جبران نووسراوە، نووسەر جارێکی تر به گیان و هەست و نەستێکی کوردیانەوە و بە نموونەی کوردی پەتی داڕشتۆتەوە و ناونیشانی داوەتێ (( شەو پەردەی دادابووەوە بە سەر شاردا، بەفریش کاڵای ئاودامانی سپی کردبووە بەری ،...، لە قەراخشار خانووچکەیەکی گڵلێنی داڕزاو هەبوو کە ها ئێستا بتەپێ ها تاوێکی تر، لە کونجی ژوورێکی تاریکی نووتەکی تەڕی تلیسی سارد و سڕی ئەو خانوودا ، لە سەر حەسیرێکی شڕ پارچە پەڵاسێک کە ئەتووت سەختییانە داخرابوو، گەنجێکی لە سەر کەوتبوو کە یەشتا لە گەرمەی بەهاری لاویدا بوو بە دەست نەخۆشیی و کەنەفتییەوە ئەیناڵاند ،...، شاعیرێک بوو بۆ ئەوە هاتبوو کە بە هۆنراوە جوانەکانی دڵی هاونیشتمانەکانی خۆش بکا، ئا بەم ڕەنگە ئەستێرەی ئەم هونەرمەندە بەرزە لە ئاسۆوە بۆ ئاسۆ کشاو بێ هەست کوژایەوە ،...، ئەو دەمە نووسراوەکانی ئەم هونەرمەندە لەسەر تاقە بەرزەکانی خانووچکەکەی داگیرا و تەپو تۆزەکەی تەکێنرا و هێنایانە بەر دەست، ئیتر ناوی کەوتەناو ناوان و نووسراوەکانی بڵاو کرایەوە، بەشی زۆری کرابە سروود و هەموو قوتابی و کوڕوکاڵێک ئەیخوێندەوە و بە سەردەمیانەوە بوو، بەڵام ئەمە یاسای چەرخی چەپگەردی چەواشەیە کە شاعیر تا نەمرێ ناژی )). ( من و بولبول،١٩ - ٢٣ ) دەبینین نووسەر بە کاریگەری بەرهەمە وتارەکانی ( جبران خلیل جبران ) چەندین دەقی بەرز و بەپێزی نووسیوە، سەبارەت بە کاریگەریی وتارەکانی (جبران خلیل جبران ) (عبدالرزاق بيمار) دەڵێت : (( جبران خلیل جبران بە وتاری ئەدەبی بە سۆز و شێوازی شاعیرانەی پڕ لە هەست و سۆز و خەیاڵی گەش بەناوبانگە )). ( بیمار، ١٩٩٨، ٢٢ )

لێرەدا عەبدولڕەزاق بیمار زۆر بە ڕوونی باسی ناوەڕۆکی وتارەکانی جبران خلیل جبرانی کردووە کە چۆن بە ناو جیهانی عەرەبی و دەوروبەریدا لە ڕۆژی خۆیدا بڵاو بوونەتەوە و خوێنەرانی کوردیش

لەبەر ئەوەی پاشخانێکی ڕۆشنبیریی عەرەبییان هەبووە، زۆر ڕاو سەرنج و تێڕوانینەکانیان گواستووەتەوە بۆ ناو ئەدەبی کوردی، لەو خوێنەوار و ڕۆشنبیرانەش (محەممد مستەفا کوردی ) بووە.

## ج- ئەو وتارانەی کە لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕاون :

وتاری ( بە دەستکارییەوە لە کلیل و دەمنە وەرگیراوە ) تەنیا ئەم وتارە ئاماژەیپێدراوە کە لە زمانی فارسییەوە وەرگیراوە، بەڵام نەوتراوە کە وەرگێڕاوە چونکە دەستکاری کراوە لە وەرگێرانەکەدا بۆیە زۆر بیر و مەبەست و دیدو تێڕوانینی وەرگرتووە بە گیانێک و قەڵەمێکی کوردانەوە جارێکیتر دایڕشتوونەتەوە، لێرەدا نووسەر باسی ( فیسقە گولە ) دەکات، کە باڵندەیەکی زۆر بچووکە، کە چۆن بێچووەکانی بەخێو دەکات و دان و ئاویان بۆ دەبات، بەڵام لە پڕ کەرکەدەنێک پاڵیان پێوەدەنێت و هەموویان دەمرن و دەفلیقێنەوە، باسی بارودۆخی دایکەکەیان دەکات کە چۆن بەدیار بێچووە مرداربووەکانیەوە دەگری و لە دڵی خۆیدا بەڵێن دەدات کە هەق لەو کەرکەدەنە بکاتەوە، هەر بۆیە ڕاو تەکبیر دەکات لەگەڵ فیسقە گولەکانی تردا و کەرکەدەن لەسەر گڵێکی تەڕ و لووس گلۆر دەکەنەوە و دەمرێت و هەردوو چاویشی هەڵدەکۆڵن. نووسەر دەیەوێت باسی ئەو میللەت و نەتەوەیە بکات کە چۆن لەبەر چاوی ڕۆڵەکانی دەکوژن، دەبێت خوێنیان بەفیڕۆنەدات و پلان دابنێت و حەق لە دوژمن بکاتەوە، کە لە زمانی گیاندارانەوە ئەم پەیامە دەگەیەنێت، جگە لە شێوازە پەروەردەییەکە دروستکردنی گیانی هاوکاری و یەکگرتن و تەباییە لە دەروونی ڕۆڵەکانی نیشتمانەکەیدا.

هەرچەندە وتارنووس گرنگی بە ناوەڕۆک و بابەتی وتارەکەی بدات، بەڵام دەبێت زمانی دەربڕینەکەشی لە ئاستێکی بەرزی هونەریدا بێت، چونکە وتار لە خودی خۆیدا هونەرێکی تا ڕادەیەک نوێیە لە جۆر و ژانرەکانی پەخشاندا، هەربۆیە تا گرنگی بدرێت بە ڕوخسار زیاتر سەرنج ڕادەکێشێت و خوێنەر بە لای خۆیدا پەلکێش دەکات (( ئەرستۆ زۆر گرنگی دەدات بە وتاری درووستکراو کە لە ناخ و دڵی خاوەنەکەیەوە هەڵنەدەقوڵا، داوای دەکرد وتاربێژ کەسێتییەکی بەهێز و کاریگەریی هەبێت، بەجۆرێک وتارەکەی نەک تەنیا لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بەڵکو لە ڕووی ڕوخسار و شێوازی دەربڕینیشەوە هەمان هێز و پێزی هەبێت )). (سلامة،١٩٥٣،١١)

لە ڕووی زمانی دەربڕینی وتارەکانیشەوە جێی خۆیەتی ئاماژە بدەین بە فەرهەنگی زمان و چۆنیەتی بەکارهێنانی فەرهەنگی کوردی و ئاگاداربوونی نووسەر لە خەرمانەی وشەی کوردی و فۆلکلۆری نەتەوەکەی، کە زۆر ناوازە هەڵیبژاردوون، زۆرجاریش وەکو دوو وشەی هاو واتا یان دژ واتا لە تەنیشت یەکەوە ڕیزیکردوون. هەندێکجاریش وەکو مۆسیقایەک وشەکانی بە یەک پیت دەستپێدەکەن لە سەرەتاوە یان لە کۆتاییەوە هەمان ئاوازیان هەیە، جگە لە دەربڕین و ڕستەی پڕ واتا و هاوئاواز و تەبا لەگەڵ بیرۆکە و مەبەستە جیاوازەکانیدا، لێرەدا چەند نموونەیەک وەردەگرین:

لە وتاری ( بەرەو نەتەوە ) دا نووسەر لە وشەکانی ( ئەگەر تووشیش بوو زوو خۆی لێ لا بدا، گەڕ و گێچەڵ و گاشە لە خۆی دووربخاتەوە ) دا، لێرەدا وشەکانی ( گەڕ و گێچەڵ و گاشە ) وەکو سێ وشە بۆ واتای فێڵ و تەڵەکە یان شەڕفرۆشتن بەکارهێنراون.

هەروەها لە وشەکانی ( چەمووشی و بەدکاری ) دا وەکو وەسفکردنی خو ورەوشتی ناپەسەند بەکارهاتوون– کە ( چەمووشی ) کەمتر بەکاردێت، بەڵام بە کارهێنانیان نیشانەی ئاگاداری نووسەرە لە فەرهەنگە فۆلکلۆرەکەی.

لە وتاری ( دەربارەی پێویستی بە ڕۆژنامە و گۆڤار ) دا، زۆر وشەی ( بوارە جیاوازەکان – پیشە جیاوازەکان ) ی بەکار هێناوە، وەک ( کەش و وەردانەوە و قەڵەم و تۆزکردن و تولْکێش و ئاودێری و تیر و گۆڵ و جۆماڵ و چۆنیەتی چاودێری و بەرهەمهێنانی کشتوکاڵەکەی ئەکات .. ) نووسە زۆر بە وردیی ناوی ئەو کردارانەی بردووە کە لە کشتوکاڵدا دەکرێن. نەک هەر ئەوەندە بگرە هەموو بوارەکانی ڕەخنە و ئەدەبیات و وشە و زاراوە ڕەخنەیی و ئەدەبیی و هونەریی و هەروەها زاراوەسازی و فەرهەنگی زمانی زۆر توند و تۆکمەیە لە سەرجەم وتارەکانیدا.

هەروەها لە وتاری ( شاعیر تا نەمرێ ناژی ) دا نووسەر زۆر بە وردیی وەسفی ئەو شوێنە دەکات کە شاعیرە گەنجەکە لە وەختی ڕۆحکێشان دایە و وەسفی خانوو و کەلوپەل و دار و پەردووی ماڵەکە دەکات (( لە کونجی ژوورێکی تاریکی نووتەکی تەڕی تلیسی سارد و سڕی ئەو خانووەدا .. ) لە وشەکانی (تاریک و نووتەک ) دا ئاوازێک هەیە لە کۆتاییداو لە وشەکانی ( تەڕی تەلیس ) و

(ساردوسر )یشدا له سەرەتاوه ئاوازێکیان پێبەخشراوه، چاوی شاعیرەکەش به نێرگزی ژاکاو وەسفدەکات، هەروەها گوزارشت و دەربڕینی زۆر دوور و درێژیشی تێدایه بۆ جوانی و ڕازاوەیی، جگه له کورتبڕی. هێندەی تر دەبن به مایەی سەرنج و جوانیی و ڕازاوەیی به ڕوخساری وتارەکانی دەدەن.

## بەشی دووەم / مەتەڵ و شیعره مەتەڵ ئامێزەکان:

## تەوەری یەکەم/مەتەڵ( پێناسه و چەمک و گرنگیی) و ئاوڕێک له ئەدەبی فۆلکلۆر لەم ڕووەوه :

بەو پێیەی مەتەڵ بەشێکی سەربەخۆی ئەدەبی فۆلکلۆریمانه، بابەتێکه پێویستی به لێکدانەوه و شیکردنەوه هەیه، جگه لەوەی بابەتێکی وێژەییه، لەلایەن بوێژ و نووسەرانەوه پێناسەی زۆری بۆکراوه، لێرەدا چەند پێناسەیەک وەردەگرین :

(( مەتەڵ جۆرێکه له خۆ خەریککردن و ڕابواردنی بیرۆکەیی، که له زمانی ئێمەشدا وەک هەموو زمانەکانیتر، بەشێکه له وێژەی فۆلکلۆر )). ( ئەمین،١٩٧٧، ٥ )

(( مەتەڵ له ڕیزی فۆلکلۆر و بەرهەمی ( زاری یا دەمی ) خەڵکدا، سنوور بۆ دانانێکی کورتی ڕووداوێک یان کەرەسته یاخود ( مادده) یەکه )). ( مستەفا ڕەسوڵ،١٩٧٠، ١٥٩ )

(( هۆنراوەی مەتەڵ ئەو هۆنراوانەن که مەتەڵیان تێدایه )). ( کۆمەڵێک نووسەر،٢٠٠٩، ٣١ )

(( له زمانی کوردیدا گەلێک زاراوه به مانای مەتەڵ بەکاردێن، وەک : مەتەڵ،هەتەڵە، مەیل، هەڵێنه، چەوچه، مامک، تێدەرخستوک، تشتانۆک ،...، له زمانی عەرەبی دا زاراوەی ( لغز ،معما،حزورة،الامیمة،العویص )ی بۆ بەکاردێن، ئینگلیزیش Enigma , Coundrum, Riddle, Seer ,Myster,ی پێدەڵێن )). (ئەبوبەکر، ٢٠٠٥، ٣٣ )

(( مەتەڵی فۆلكلۆری كوردی دەقی پرسیارێكی كوردبڕی فۆلكلۆرییە، بە شێوەی هۆنراوە داڕێژراوە یا بە شێوەی پەخشانە ،...، زۆرجاریش پەخشانەكەی ئاواز و سەرواداراە، بە زۆری لە دەقەكەدا پرسیار لە شتێک یا چەند شتێک دەكات، لەگەڵ پرسیاركردنەكەشدا هەندێک نیشانە و هێمای زۆر تایبەتمەند بە شتە پرسیار لێكراوەكە دەردەبڕێ، بۆ ئەوەی بیستەر لەمیانیەوە بتوانێت گرێ كوێرەی پرسیارەكە بدۆزێتەوە )). (ئەبوبەكر، ٢٠٠٥، ٣٣ )

لای هەموو میللەتانی جیهان مەتەڵ بەشێكی گرنگی ئەدەبیاتی ئەو نەتەوەیە دەردەخات و ڕادەی ژیریی هەست و درككردن بە ئاڵۆزی و ناتەواوییەكانی ژیان و ژینگەو زۆر جاریش بابەتی گشتگیرتر و فراوانتری نەتەوەكانی تیا دەبینرێتەوە هەر بۆیە ئەزموونی ژیان وا دەكات زۆر بابەت لای ئەدەبیاتی نەتەوە جیاوازەكان ببینرێتەوە (( چونكە هەموویان بە هەمان دەوری قۆناغەكانی مێژوودا تێپەڕیون، مەتەڵ پلەی ژیری دانیشتووانی دەرخستووە ،...، مەتەڵ مانای تاقیكردنەوە و زاخاو دانەوەی مێشكە لە لایەن كەسانی وریا و ژیرەوە دانراون، جێی سەرنجە لێرەدا چاومان پێی دەكەوێت كە مەتەڵ بە پەخشان و بە هۆنراوەش دانراون و ڕێكخراون )). ( ئەمین، ١٩٧٧، ٥ )

بەو پێیەی بەرهەمی ئەدەبیاتی فۆلكلۆری بە هەموو بەشەكانیەوە ڕەنگدانەوەی ژیانی خەڵكە و واقیعی میللەتی تیادا دەبینرێتەوە، هەر لێرەوە وەكو هەگبەیەک هەڵگری هەموو ڕازونیاز و ویستەكان و خۆشی و ناخۆشییەكانی كۆمەڵەكەیەتی كە تیایدا دروست بووە، بەزمانێكی گونجاو و كورت و چڕ و پڕ واتا هەڵگری ئیلتیزام و پەیوەستبوونە بە ژیانەوە (( لە مەتەڵدا هەروەک قسەی نەستەق شەقڵی تایبەتی سەرپەرشتیی میللەت بە سەر ڕووداوی جیاجیای ژیانەوە ئاشكرایە توانا و بەهرەی گەل لەوەدا دیارە، كە زۆر بە كورتی و پاراوی و لەپاڵەوە كەرەستە و سروشتی شیعر بدا بەم ڕووداوانە )). ( مستەفا ڕەسووڵ،١٩٧٠، ١٥) هەروەها ناوەرۆكی مەتەڵەكان لەگەڵ گاڵتەوگەپ و قسەی نەستەقدا یەک دەگرێتەوەو هەڵگری هەمان گیانی پەیامدارییە (( مەتەڵ لە ئەدەبی فۆلكلۆردا هەر وەک گاڵتەوگەپ، هەندێ جار بێ مەبەست و بۆ كات بەسەربردنە و زاخاوی مێشكدانەوەیە، وە هەندێ جار مەبەستی تایبەتی ژیانی هەیە و هەروەک گاڵتەوگەپ و بەشەكانی تری ئەدەبی فۆلكلۆر ئەبێتە هۆی هەوڵدانی كۆمەڵایەتی و سیاسی )). ( مستەفا ڕەسوڵ، ١٩٧٠، ١٦٠ )

هەرچەندە ئەم بەرهەمە فۆلکلۆرییانە شوێنی تایبەتی خۆیان گرتووە و لە مەبەست و چۆنیەتی دەربڕین و شێوازدا جیاوازن، بەڵام هەریەکەیان زۆر کاریگەریی هەیە بە سەر ئەوی تروەوە (( هەرچەندە مەتەڵ و پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و تا ڕادەیەکیش ئیدیۆم ( درکە ) بابەتی فۆلکلۆری سەربەخۆ و جیاوازن، مەتەڵ پرسیارێکەو، وەڵامی دەوێ، پەند و قسەی نەستەقیش بە سەرهات و وتەی جوان و چڕ و کورتبڕ و پرمانان، ڕستەی ئامادەکراوی بەردەستن و بێژەر بۆ پشتگیری و چەسپاندنی بابەت و بۆچوونی خۆی بەکاریان دێنێ، ئیدیۆمیش بۆ دەربڕینی ناڕاستەوخۆیەو ڕەوانبێژی دەنوێنێ، بەڵام لە زۆر دەقی فۆلکلۆریدا ئەم بابەتانەی سەرەوە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ سوودیان لە ناوەڕۆک و ڕوخساری یەکدی وەرگرتووە، هەر بۆ نموونە : دەقی هەندێک مەتەڵ زۆر لە ئیدیۆم نزیک دەبێتەوە، وەک نانخۆری پێنج ئەنگوست، یان شەولەبان بۆ مەتەلی منداڵانە و وەکو ئیدیۆمیش بەکارهاتووە )). ( ئەبو بەکر، ٢٠٠٥ ، ٣٥ ) لێرەوە ئەرک و مانا و بەکارهێنانی هەریەک لەم بەشانەی فۆلکلۆر لەگەڵ ئەوی تردا بە ئاشکرا دەردەکەوێت و گرنگیی و ڕۆڵی بەکارهێنانی مەتاڵەکان زیاتر بەرجەستە دەبن.

( محەمەد مستەفا کوردی ) لە ژمارەی زۆر گۆڤار و ڕۆژنامەدا مەتەڵی تایبەتی بە پێی ژمارەی دەرچوون و ڕیزبەندی ڕۆژانە و مانگانەیان هەبووە و لاپەڕەکانی پێڕازاندوونەتەوە، بە شێوەی شیعرێکی ڕازاوە و سەرنجڕاکێش خوێنەر پەلکێشی وەڵامدانەوەی مەتەڵەکان بووە و وەڵامەکانیان بۆ گۆڤارەکان ناردووە. لە ڕۆژگاری خۆیدا بێگومان ئەو سەردەمە مرۆڤی ڕۆشنبیر خولیای خوێندنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێب بووە. نووسەر بە جۆرێکی هونەرمەندانە سوودی لە فۆلکلۆر وەرگرتووە، زۆرجار مەتەڵەکانی بە شێوەی پەند و ئامۆژگاری دەربڕیوە یان بە پێچەوانەوە. لە ناوەڕۆکی مەتەڵەکاندا مەغزا و بیرێکی ورد و قووڵیان تێدایە، کاتێک بە وردی سەرنج دەدەین بۆماندەردەکەوێت ئەو مەتەڵانەی کە کردوونی بەهۆنراوە زۆر مەبەست و بابەت دەپێکن، کە نیشانەی وشیاری و ڕۆشبیری نووسەرن لە ئاگاداربوونی لە سامان و گەنجینەی فۆلکلۆر لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە توانای هونەریی و بەبرشتیی خامەکەی دەردەخەن کە بابەتەکانی بەو جۆرە ڕێکخستووە لە ( کورتبڕی و فرەواتایی و هەڵبژاردنی وشە و چۆنیەتی ڕیزکردن و چنینیان ) دا، زۆر وەستایی و هونەرمەندی نواندووە.

### تەوەری دووەم / مەتەڵ و بەرهەمە شیعریەکانی نووسەر و دەقە وەرگێڕاوەکانی :

( مامۆستا کوردی ) لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا چەندین مەتەڵی بە شیعر نووسیوە بۆ ژمارەکانیان و لە ژمارەی دواتردا وەڵامەکانیانی هەر بە شیعر داناوەتەوە، کە ئەوپەڕی لێهاتوویی و شارەزایی نووسەر دەردەخات لە بوارەکانی زمانەوانی و وشەکاریی و شارەزایی لە فەرهەنگی کوردیدا و گەڕان بە دوای وشەی کوردی پەتیدا، سەرەڕای لێهاتووی لە درووست کردنی مەتەڵەکاندا و جوڵاندنی بیر و ئاوەزی خوێنەر بۆ بەدواداچوونیان بۆ وەڵامەکانیان لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە خوێنەری زۆری کۆدەکردەوە لە دەوری گۆڤار و ڕۆژنامەکان بە تایبەتی ( لە ڕۆژنامەی ژین و گۆڤارەکانی شارەوانی و سلێمانی و هیوا و بڵێسە و ڕۆژی نوێدا ) کە زۆربەیان مەتەڵەکانی نووسەریان تێدا بووە، لێرە تا چەند نموونەیەک وەردەگرین وەڵامی مەتەڵ ( دەفتەر ) بۆ ڕۆژنامەی ( ژین ) کە لە ( ١٢- ٣- ١٩٥٤ ) دا بڵاوکراوەتەوە

ڕوانیمە مەتەڵ بە یەکەم نظر

هیچ پێویست نەبوو بگەڕێم دەفتەر

تەپڵ و دەف نابێ لێدەم و بڵێم

مەتەڵزانێکی ئێجگار بەڕێ و جێم

هەفتەی کەڕەتێک ژینی خاوەن بیر

هەدەف دائەنێ بۆ پێکان بە تیر

هەرچەن کێشکەری گێژی و باوێشکە

قەیناکا توخوا زاخاوی مێشکە )). ( من و بولبول، ٢٦٧ )

(( وەڵامی مەتەڵ ( هەزار مێرد ) لە ڕۆژنامەی ژینەوە

لە دەوری خۆمان جێی بە صەفا و جوان

دێی ( هەزار مێرد ) ە مەڵبەندی لاوان

( هەزار ) ان ( هۆزار ) لەوێ لەسەر چڵ

بە دەنگی خۆشیان ئەسیر ئەکەن دڵ

چەند ( مێرد ) ی نەبرد ( مەرد )ی دلاوەر

هەریەک شایەک بوون شێری جەنگاوەر

لەوێدا ئەژیان بێ باک و بێ بیم
سەریان شۆڕ نەبوو بۆ زەڕ و بۆ سیم
بەڵام کە ( درەم ) باوی پەیدا کرد
پیاوی بە غیرەت ( زەهر ) ی خوارد و ( مرد ) )). ( من و بولبول، ٢٧٢ )

(( مەتەڵی ژمارە (١) ساڵی ١٩٦٨ لە گۆڤاری شارەوانی دا بڵاو کراوەتەوە :

شارەوانی

مەتەڵ ئەمجارە هەشت پیتە تەواو ئامادە کرا زۆر بە ناو و داو
یەک و دووی گەورەی فەرمانڕەوایە یەک و دوو و سیانی جەنجاڵی تیایە
سێ و چوار پێنج و شەش حەوتیش لە بانی خۆش ڕەوتە و چالاک ئەگەر بیزانی
پێنج و شەش و حەوت شارێکی کوردە خاوەن پیاوانی مێژوویی و گوردە
حەوت و هەشتیشی تۆ چاک بیزانە ناوی دێیەکە لە مەریوانە
ئەگەر بیزانی زیرەک و ئازای بۆ شارەوانی هاوڕێی بێ هاوتای )).
( من و بولبول، ٢٧٣ )

هەروەها لە کۆی بەرهەمەکانی دا چەند پارچە شیعرێک دەبینینەوە کە زۆربەیان نووسەر خۆی دایناون، هەندێکیشیان وەرگێڕاون لە ئەدەبی عەرەبی و فارسییەوە. ( سەرەڕای ئەو ( ٥٠٠ ) پەندەی کە نووسەر بە شیعر دایناون و لە لایەن کۆکەرەوەی بەرهەمەکانیەوە لە پێشەکیدا ئاماژەی پێدراوە کە هەموویان فەوتاون) لێرەدا چەند نموونەیەک لەو پارچە شیعرانە دادەنێین کە نووسەر خۆی دایناون و وەرگێڕاو نین :

(( ئەم جیهانە پێک چەرخیش مەگێڕ و مردنیش مەیە
ئادەمی هەموو مەی ئەخۆنەوە لەم سەرماسەیە
ڕزگاری نیە بۆ هیچ گیاندارێک لەسەر ڕووی زەمین

لە دەست هەڵمەت و چنگ و نینۆکی ئەم سێ کوچکەیە )). ( من و بولبول، ٢٦٢ )

نووسەر بەهۆی ( مێز و مەیگێڕ و شەراب ) ەوە، وێنەی ئەم جیهانە دەنەخشێنێت، جیهان بە پێک و چەرخی ڕۆژگاریش بە مەیگێڕ و مردنیش کە ئاکامی ژیانە بە شەراب دەچوێنێت، هەموو مرۆڤێک دەبێت بیچێژێت و لێیبخواتەوە، دواتر ژیان بە ( ماسە – مێز ) دەچوێنێت کە هەموو مرۆڤ لەسەر ئەو مێزە شەرابی مردن دەنۆشن، لە کۆتاییدا دەڵێت لە دەست هەڵمەتی ئەم سێ کوچکەیە کەس ڕزگاری نابێت.

لە پارچە شیعرێکی تریدا نووسەر دەیەوێت ئەوە بخاتە ڕوو کە نەویدێک بە گوێیدا چڕاوە کە مردنی نزیک بووەتەوە و لە ژیانیدا زۆر دەرد و خەفەتی بینیوە و چەرخی ژیان بە ( پەست ) دەخاتە ڕوو واتە مایەی خەم و خەفەتە بۆ مرۆڤەکان، نەویدەکە ئەوەی پێدەڵێت کە جێگەی خاڵییە و کاتی کۆچکردنی نزیکە، لەبەر ئەوەی نووسەر لە ژیانیدا هەمیشە کەسێکی ئاین پەروەر بووە، هەروەک دەڵێت :

(( نەویدێ هاتە گوێم ئەمشەو وتی ئەم چەرخە زۆر پەستە
گەلێ دەرد و جەخارت دی لە دەستی سائیتر بەستە
بە میوانی سەرم دانا لەسەر ئاستانەکەت بێ خەم
بەڵێ میوانی تۆ خۆراکی لێخۆشبوونە خاترجەم )). ( من و بولبول، ٢٦٣ )

( محمد مستەفا کوردی ) لەڕووی گیانێکی نیشتمانی و نەتەوەییەوە، لەبەر ئەوەی بڕوا و هیوای بەگەل و نەتەوەکەی بووە و کەسێکی کوردپەروەر بووە، بۆ سەرکێلی گڵکۆی چەند شەهیدێک کە لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا دەگیرێن و لە سێدارە دەدرێن، چەند پارچە شیعرێکی جوان و بەپێزی وتووە، هەندێک جاریش بە زمانی شەهیدەکەوە گفتوگۆ دەکات، لێرەدا نموونەیەکیان لێوەردەگرین :

(( خەلاسی نیشتمانم بوو هەموو ئاواتی خاوێنم
دریغ نەمدی بە چاو چونکی ئەجەل زوو گرتی داوێنم
ئەگەر دایکی وەتەن ڕۆژێ سکاڵا کا لە دەستی من
بە بەڵگە بەرگی ئاڵ و جەرگی پارەی من لە بۆ دێنم
لە دوای کوژران لەناو ئەم گۆڕەوە ئێستاکەش ئەتوانم

که ئاڵای بەختیاریمان هەتا سەر لووتکە بفڕێنم )). ( من و بولبول، ٢٦٥ )

هەندێکجار دێڕە شیعرەکانی ئامۆژگارییین بۆ ڕۆڵەکانی نیشتمانەکەی و شێوەیەکی ئاراستەکاریان پێوەدیارە، بۆ نموونە دەڵێت :

(( دەستی خوای گەورە لەسەر گشت دەستە

زۆردار بە زۆردار گیرۆدە و پەستە

کە تۆ خوداوەند پارێزگارت بێ

هیچ باکت نەبێ هەر ئەوە بەستە )). ( من و بولبول، ٢٦٤ )

نووسەر زۆر دەقی شیعری لە فارسی و عەرەبییەوە کردووە بە کوردی، لەبەر ئەوەی مەلازادە بوو، خۆشی ئیجازەی مەلایەتی هەبووە، بێگومان ڕۆشنبیر و خوێندەواری ئەو کاتە لە حوجرەکانەوە دەستیپێکردووە، هەروەها زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی بە چاکی زانیوە و شارەزای ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسی بووە، زۆر دەقی شیعری بە کاریگەری سەعدی شیرازی و حافزی شیرازی نووسیوە، هەروەک لەم پارچە شیعرەدا بە ناونیشانی ( لە بۆستانی شێخی سەعدییەوە ) زۆر بیرو ماناکانی ژیان دەردەبڕێت، هەروەک دەڵێت :

(( بە تیکەنانێ سەگ ئەکەی دڵخۆش — هەتاکوو ماوە نایکا فەرامۆش

گەر دارکاری کەی لەشی بشکێنی — هەرگیز ناتوانی کە بیتۆرێنی

هیواشمان هەیە سپڵەی پێنەزان — ئەگەر داشینێی لە سەر سەفرەوخوان

بۆی ئامادەکەی خۆراک و پۆشاک — بۆی هەڵسوڕێنی جێگە و ڕێگەی چاک

گەر بۆی هەڵکەوێ ئەو بەدنمەکە — لەبۆ کوشتنت دەست بە کوتەکە

گلەیی نەکەی قەت لەو ئیبلیسە — بەدەست خۆی نییە شیرەکەی پیسە

ژەنگی حەسوودی داویە لە جەرگی — هاکا تۆ بیستت خەبەری مەرگی

لە پێشینان و باپیران نەقڵە — نان بدە بە سەگ مەیدە بە سپڵە )).

(من و بولبول،

٢٦٤ )

نووسەر لە کۆتاییدا ئاماژە دەدات بە پەندێکی پێشینان، وەکو وتارەکانی زۆربەیجار دەقە شیعرییەکانی بە پەندێکی پێشینان تێهەڵکێش کردووە .

لەم پارچە شیعرەشدا لە ژێر ناونیشانی ( لە فارسییەوە ) دا، بەبێ ئاماژەدان بە ناو و ناونیشانی هیچ شاعیرێک، تەنیا وتراوە ( لە فارسییەوە ) :

(( بە سەوزەو گوڵ و دیمەنی بەهار          چەند گەش و خۆش بوو چاوو دڵی من

ئێستاش بەهارە وەرە ببینە                    سەوزە ڕواوە لە سەر گڵی من )).( من و بولبول،٢٦٤)

ئەم پارچە شیعرەش لە عەرەبییەوە وەرگێراوە بە هەمان شێوەی دەقەکەی سەرەوە بەبێ ئاماژەدان بە ناوی نووسەرەکەی و نازانرێت بەرهەمی چ شاعیرێکی عەرەبە :

(( ئەگەر دووربینی فرمێسکم نەبێ چاوم هەنا ناکا

لە نزدیکیش بە ئاستەم فەرقی دۆست و ئاشنا ناکا

ئەڵێن نووسراو نیوەی پێگەیشتن هۆی تەسکینە

لە لام سەد نامە پێشکەش کەم ئەبەد دەردم دەوا ناکا )). ( من و بولبول، ٢٦٤ )

هەروەها لە پارچە شیعرێکی تردا لە عەرەبییەوە وەرگێراوە :

نووسەر زۆر ڕێ و ڕەسم و داب و نەریتی ئایینی و بۆنەکانی لە عەرەبییەوە کردووە بە کوردی، وەکو : ( میعراجنامە وەفاتنامە و تەلقینی مردوو ) لە کۆی بەرهەمەکانیدا تەنیا ناویان هاتووە.

هەروەها دەقێکی شیعری ( سالم ) ی بە وردیی شیکردۆتەوە، یەک دوو دێڕ دەکەین بە نموونە :

(( لێم گەڕێن با گۆشەگیر بم دەستەوئەژنۆ کەفزەنان

گێژەڵووکەی بای نەدامەت تاری کرد صەفحەی جیهان

بەزمی صەیدی ئێمە صەیادی فەلەک کارێکی کرد

ڕەنگە باڵای تیرقەدان بێتە تەرکیبی کەمان

١ –واتە لەبەر گرنگی ئەم کارەساتە وازم لێبێنن با لە داخ و جەغاردا بچمە قوژبنێکەوە و دەستەئەژنۆ دانیشم و بە دەستا بدەم لەتاو ئەم هەورە چڵکنە و ئەم گێژەڵووکەی بای شومە کە بەری ئاسمانی گرتووە و دنیای تاریک کردووە .

٢– صەید واتا ڕاو، کەسێک کە بچێ بۆ ڕاو بە خۆشی بەزم و ڕەزمەوە ئەچێ، مەبەستی ئەمەیە: ئێمە لە بەزم و شادی و بێ خەمیدا بووین، کەچی چەرخی چەپگەرد ئەم خۆشییەی ئێمەی لێبوو بە

درک و چووە چاویەوە، بە جۆرێکی لێتێکداین و کڵۆڵی و بەدبەختی باراند بە سەرمانا، ئەگەر بڵێم ئەوەی باڵای وەکو تیر ڕاست و بێ گرێ بوو ئێستا وەکو کەوان چەوتاوەتەوە هیچ درۆی تیا نییە، لە ناوەند وشەی ( تیر ) و ( کەمان ) دا ئاشنایی ( مناسبة ) هەیە کە ئەمە شتێکی جوانە لە هۆنراوەدا )). ( من و بولبول، ٢٢٧ )

**ئەنجام** : لەکۆتایی لێکۆڵینەوەکەماندا گەیشتین بەم چەند خاڵە :

١- ناوەرۆکی شیعرە مەتەڵئامێزەکان بە بیرێکی سادە و ساکارتر لە وتارەکان دەربڕاون،بەڵام لە ڕووی زمانەوانی و داڕشتنەوە خوێنەریان سەرقاڵ کردووە، لەڕووی ڕوخسارەوە دەچنە ڕیزی وتارەکانەوە.

٢- کاریگەری ئەدەبیاتی فۆلکلۆر بە سەر بەرهەمەکانی نووسەرەوە بە ئاشکرا دیارە، بە تایبەتی پەندی پێشینان. زۆربەی جار لە دەقە شیعرییەکانیدا پەندی پێشینانی تێدا تێهەڵکێش کردووە و زیاتر شێوازێکی ئامۆژگاری و پەروەردەییان پێوە دیارە.

٣- پەندی پێشینان کە خۆیان لە ئەدەبی فۆلکلۆردا بناغەیەکی چیرۆک ئامێزیان هەیە، نووسەر جارێکی تر لە شێوەی پەندەوە کردوونی بەوتار و بە شێوازێکی چیرۆک ئامێزانە داڕشتوونەتەوە .

٤- وتارەکانی نووسەر هۆکارێک بوون بۆ گواستنەوەی تەکنیک و بابەتی وتار لە ئەدەبی عەرەبییەوە بۆ ناو ئەدەبی کوردی، بەم هۆیەوە لە ڕیزی سەرئامەدان و پێشەوایانی نووسەری وتار دەدرێتە قەڵەم .

٥- لە ڕووی ڕوخسارەوە بلیمەتی نووسەر لە چەند لایەنێکەوە بەرجەستە دەبێت، وەکو : ( چۆنیەتی هەڵبژاردنی وشەی فەرهەنگیی و گرنگیدان بە ڕازاندنەوەیان و بە تایبەتیش لە بواری زاراوەسازیدا و لە داڕشتنی زاراوە و دانەی فەرهەنگیی نوێدا جێدەستی دیارە.

٦- ناوەرۆکی شیعرە وەرگێڕاوەکان لە بیر و ئەزموونی نووسەرە بنەڕەتییەکەوە سەرچاوەی گرتووە و نووسەر تەنیا بیرەکانی گواستۆتەوە و بە دیدێکی کوردانەوە داڕشتوونەتەوە.

## سەرچاوەکان:

### أ- کوردییەکان:

١- سالار عوسمان، وتارناسی، چاپخانەی ( دار المعرفة )، چاپی یەکەم، بەیروت، ٢٠٠٩ .

٢- سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر، بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی ( لێکۆڵینەوە و ڕەخنە ) ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر،٢٠٠٥ .

٣- سەردار فەتاح ئەمین، خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی،١٩٧٧

٤- شوکریە رسول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، مطابع التعلیم العالي، أربیل،١٩٨٩ .

٥- عبدالرزاق بیمار، پەخشانی کوردی، دار الحریة للطباعة، بغداد،١٩٩٨ .

٦- علاءالدین سجادي، دەقەکانی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد،بەغداد، ١٩٧٨ .

٧- علاءالدین سجادي، مێژووی پەخشانی کوردی، چاپخانەی ئاراس ( وەزارەتی پەروەردە )، هەولێر، چاپی دووەم، ٢٠٠٠ .

٨- عەزیز وەلیانی، ژیلەمۆ ( ئاوڕێک لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ) : Kurdpedia.org/default.aspx?lng=1gq=20140301210508332‏2

٩- عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ( لێکۆڵینەوە ) ، چاپخانەی الجاحظ، چاپی یەکەم، بەغداد، ١٩٧٠ .

١٠- عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی ئاراس، چاپی سێیەم، هەولێر، ٢٠١٠ .

١١- کۆمەڵێک نووسەر( بەبێ ئاماژەدان بە ناوی نووسەر )، سەرنجێک لە دەروازەی فۆلکلۆری کوردەوە، چاپخانەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر،٢٠٠٩ .

١٢- هەژار ( هەنبانە بۆرینە ، فرهنگ کردی فارسی ) ، چاپخانە انتشارات سروش لیتوگرافی،چاپ هشتم،١٣٩١ .

١٣- دیوانی کاکەی فەلاح، ئامادەکردنی: بنەماڵەی شاعیر ( بەبێ ناوی نووسەر ) چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری – بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی،٢٠٠٤ .

**ب- عەرەبییەکان :**

١- أبراهیم سلامة، کتاب الخطابة لأرسطالیس، مطبعة لجنة البیان العربي ( ملتزم الطبع و النشر ) ، مکتبة الأنجلو المصریة، الطبعة الثانیة، ١٩٥٣ .

٢- تيسير أبو عرجة، فن المقال الصحفي : أحمد أمين ) : almerja.com/reading.php?idm=190525) .

٣ - أ.د. صالح أبو أصبع، د. محمد عبيدالله، فن المقالة : أصول نظرية - تطبيقات - نماذج ( فنون الكتابة الاعلامية )، مجد لاوي للنشرو التوزيع، عمان، الاردن، ٢٠٠٨ .

٤ - عزالدين اسماعيل، الادب و فنونه - دراسة و نقد - دار الفكر العربي، الطبعة التاسعة، القاهرة، ٢٠١٣ .

٥- عزالدين مصطفى رسول، الواقعية في الادب الكردي، دار المكتبة المصرية،بيروت، لبنان،١٩٦٤ .

٦- علي جواد طاهر، مقدمة في النقد الادبي، المؤسسة العربية للدراسات و النشر, الطبعة الاولى، بيروت، أيلول ١٩٧٩ .

## References:

## A- Kurdish:

1- Diwani Kakay Fallah, Prepared by: Family of Poet, Ministry of Culture, General Directorate of Printing and Publishing, Sulaimani,

2- Salar Osman, Article, Dar al-Ma'arifa Printing House, 1st Edition, Beirut, 2009

3- Sadraddin Nuruddin Abubakr, Kurdish Folklore Proverbs (Research and Criticism), Ministry of Culture Printing House, First Edition, Erbil 2005,

4- Sardar Fatah Amin, Kharmanek la Metali Folklori Kurdi, Raperin Printing House, Sulaimani,,

5- Shukriya Rasul, Kurdish Literature and Arts of Literature, Higher Education Printing House, Erbil,1989

6- Abdul Razzaq Bimar, Kurdish Broadcasting, Dar Al-Hurriya Printing House, Baghdad ,1998

7- Alaaddin Sajadi,, Texts of Kurdish Literature, Kurdish Information Center Printing House, Baghdad,1978

8- Alaaddin Sajadi, History of Kurdish Broadcasting, Aras Printing House (Ministry of Education), Erbil, Second Edition, 2000

9- Aziz Waliani, Zhilemo (A Look at Kurdish Folklore Literature): Kurdpedia.org/default.aspx?Ing=1gq=2

10- Ezadin Mustafa Rasul, Kurdish Folklore Literature (Research), Al-Jahz Printing House, First Edition, Baghdad, 1970

11- Ezadin Mustafa Rasul, Research of Kurdish Folklore Literature, Aras Printing House, Third Edition, Erbil , 2010

12- Komele Nusra, Sarnjek La Darwazay Folklori Kurdwa, Aras Printing House, Second Edition, Erbil , 2009

13- Hazhar (Hanbana Borina, Kurdish- Persian Dictionary), Sarush Lithography Publishing House, 8th edition, 1391

## b) The Arabics:

1- Ibrahim Salama, Kitab al-Khattab al-Arsitalis, Published by the Arabic Statement Committee (Printing and Publishing), Egyptian Angelus Printing House, second edition, 1953

2- The effect of Abu Arja, the art of the editorial: Ahmad Amin: (almerja.com/reading.php?idm=190525).

3- A.D. Saleh Abu Asba, Dr. Mohammed Obaidullah, The Art of the Article: Theoretical Principles - Applications - Symbols (Information Book Art), Majd Lawi for Distribution Publishing, Oman, Jordan ,2008

4- Ezaldin Ismail, Literature and Art - Study and Criticism - Dar al-Fakr al-Arabiya, Al-Tasa'a Edition, Cairo, 2013

5- Ezaldin Mustafa Rasool, Al-Waqiya fi Al-Adb Al-Kurdi, Dar Al-Muktabah Al-Masriya, Beirut, Lebanon, 1964

6- Ali Jawad Tahir, Introduction to Literary Criticism, Arab Institute for Studies and Publishing, First Edition, Beirut, September, 1979